# پرسی جیاکردنەوەی
# سیاسەت و بانگەواز

ئامادەکردنی: تۆفیق کەریم

* **ناوی کتێب:** پرسی جیاکردنەوەی سیاسەت و بانگەواز

* **ئامادەکردنی:** تۆفیق کەریم

* **دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** وریا عەلی

* **ساڵی چاپ:** ٢٠١٨

* **تیراژ:**

* **نۆبەی چاپ:** یەکەم

* **چاپخانە:**

*** لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی خاڵ و دەزگای خانەی ( بەیان ) بۆ پێگەیاندن و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە**

# پێڕست


| ژ | ناوی بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | وتەیەکی پێویست | ٧ |
| ٢ | بەرایی | ٩ |
| ٣ | چەند سەرەقەڵەمێك لەبری پێشەکی | ١٥ |
| ٤ | بەشی یەکەم: پێناسە و ئەرکی سیاسەت و بانگەواز | ١٩ |
| ٥ | بەشی دووەم: مێژووی پەیوەندی نێوان بانگەواز و سیاسەت لە سەردەمی (راشیدین)ەوە تاکو رەوتی ئیسلامی نوێ | ٢٥ |
| ٦ | ئەزموونی سەردەمی راشیدین | ٢٧ |
| ٧ | پەیوەندی نێوان دەعوە و سیاسەت دوای قۆناغی راشیدین | ٣٠ |
| ٨ | مێژووی بەیەکەوە گرێدان و تێکەڵبوونی (بانگەوان) و (سیاسەت) لە مێژووی نوێی موسڵمانان‌دا | ٣٣ |
| ٩ | بەشی سێهەم: تایبەتمەندی و جیاوازی هەریەك لە بانگەوازو سیاسەت | ٣٧ |
| ١٠ | گشتگیری لە تێگەیشتندا و پسپۆڕی لە پیادەکردندا | ٣٩ |
| ١١ | ئەوەی کە پەیوەستە بە پێگەی کاری سیاسی لە روانگەی ئیسلامەوە | ٤٣ |
| ١٢ | هۆکار و چارەسەری پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت | ٤٤ |
| ١٣ | بەراوردکردنێکی دیکە لە نێوان سیاسەت و بانگەوازدا | ٤٨ |
| ١٤ | نموونەی کرداری جیاوازییەکان | ٤٩ |
| ١٥ | بەشی چوارەم: کێشەی تێکەڵکردنی بانگەواز و سیاسەت | ٥١ |
| ١٦ | بەشی پێنجەم: بۆچوونی هەندێك لە زانایان و ئەزمونی وڵاتان | ٦٥ |
| ١٧ | بۆچوونی بەشێك لە بیرمەند و نووسەرەکان | ٦٧ |
| ١٨ | ئەزموونی وڵاتان | ٧٦ |
| ١٩ | ئەنجام | ٨٧ |

ئەم کتێبە بەشێکە لە بابەتەکانی تەوەری (پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت)ی ژمارە (١١)ی گۆڤاری (خالّ)، کە ئەم بەڕێزانە تیایدا بەشدار بوون:

١ـ مامۆستا عەلی باپیر وەتمان

٢ـ د. هادی عەلی

٣ـ محمد رەوف

٤ـ ئارام قادر

٥ـ عومەر ئیسماعیل رەحیم

٦ـ ناظم عبدالله

٧ـ د. سەباح بەرزنجی

٨ـ جعفر گووانی

٩ـ یاسین ئەحمەد زەنگەنە

١٠ـ د. ئیدریس کەریم کاریتانی

١١ـ دانا دارا

١٢ـ خلیل ئیبراهیم

١٣ـ رەعد رەفعەت محمد

١٤ـ شیروان شەمێرانی

# وتەیەکی پێویست

گۆڤاری خاڵ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە (مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥) تا ئەمڕۆ بابەتێکی هزری یان رۆشنبیری بایەخداری دەستنیشان کردووە بە تەوەری گۆڤارەکە، لە ژمارە (١١)شدا پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت، تەوەرێکی گەرمبوو، کە مامۆستایانی ئەزمووندار و پسپۆڕانی بوارەکە زۆر باس و خواسی هەستیاریان تێدا وروژاند.

جا لەبەر زیندوویێتی پرسەکە و لەسەر داوای برایانی (دەزگای خانەی بەیان)، چووینەوە بە بابەتەکاندا و کورت و پوختمان کردنەوە، باسە ناپێویست و دووبارەکانمان لێ لادان، چەند بابەتێکی زەرورمان لە کتێبی (لە ڕەوت و ئایدۆلۆژیای ئیسلامییەوە بەرەو ئیسلامییە نوێیەکان ـ ئەبوبەکر کاروانی) بە پوختکراوی، بۆ زیاد کرد، پاشان پۆلێنمان کردن بە چەند بەشێکەوە و سەرباسمان بۆ داڕشتن.

ئامادەکردنی ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەوە بوو چەند جارێك هەموو بابەتەکان بخوێنینەوە و پاش و پێشیان پێ بکەین، بەڵام بەبێ دەستکاری کردن و تێکدانی مانا و مەبەستەکانیان، تەنانەت داڕشتنەکانیشمان وەك خۆیان هێشتەوە، بۆیە رەنگە تا ئەندازەیەك یەکێتی بابەت لەم بەرهەمەدا وەك نووسینێکی ئاسایی کە یەك نووسەر خاوەنی بێت دەرنەکەوێت.

بەڵام بەشەکانیش هێندە لە یەك نەپچڕاون پەیوەندیان پێکەوە نەبێت، کە بەم شێوازە دابەشمانکردوون:

**بەرایی:** قسەکردنە لەسەر کۆمەڵە دەستەواژەیەك کە زیاتر لە سەدەیەکە بوونەتە جێگەی مشتومڕ و بیر و بۆچوونی جیاواز لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، دین و دەوڵەت، بانگەواز و سیاسەت و.....

**چەند سەرەقەڵەمێك لەبری پێشەکی:** کە پوختەی کۆی پێشەکی ئەو بابەتانەن لە سەر تەوەرەکە نووسراون و بۆ پێشەکی دەشێن، لێرەدا ڕەچاوی یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع) نەکراوە، بەڵکو پەرەگرافە شیاوەکان بە تەنیشت یەکەوە دانراون.

**بەشی یەکەم:** پێناسەی هەردوو زاراوەی (بانگەوان) و (سیاسەت) کراوە و تیشك خراوەتە سەر کار و ئەرکی هەریەکەیان.

**بەشی دووەم:** شیکردنەوە و گوزەرێکی خێرایە بە مێژووی پەیوەندی نێوان بانگەواز و سیاسەت.

**بەشی سێهەم:** تایبەتمەندی و جیاوازی هەریەك لە بانگەواز و سیاسەت دەخاتەڕوو، لە گۆشەنیگای نووسەرانی بەشدارەوە، لەم بەشەشدا یەکێتی بابەت و ریزبەندی رەچاو نەکراوە، تەنانەت کۆمەڵێك لە خاڵەکان جۆرێك لە دووبارەبوونەوەیان پێوە دیارە.

**بەشی چوارەم:** کێشەی تێکەڵکردنی بانگەواز و سیاسەت، تیایدا ئەو دەرەنجامە نەرێنی و گرفتانە دەخاتەڕوو کە بە هۆی تێکەڵکردنی ئەو دوو چەمکەوە سەرهەڵدەدەن.

**بەشی پێنجەم:** تایبەتە بە بیر و ڕای پسپۆڕان و بانگخواز و کەسایەتییە ئیسلامییە جیهانییەکان لەو بارەوە، هەروەها ئەزموونی چەند وڵاتێکی ئیسلامیمان گواستوەتەوە کە لە رووی کردارییەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرسەدا کردووە.

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ باسی گرفتی تێکەڵبوونی بانگەواز و سیاسەت.

لە کۆتاییشدا پوختەی ئەنجامەکان خراوەتە ڕوو.

دووبارەی دەکەینەوە ئەرکی ئێمە تەنها پوختکردن و ڕێکخستنی بابەتی ئەو نووسەرە بەڕێزانەیە و هیچمان بۆ زیادنەکردوون.

بەو ئومێدەی سوودێك بە خوێنەری بەڕێز بگەیەنێت.

تۆفیق کەریم

٢٠١٨/٢/١

# بەرایی

جەدەلی ((دین و دەوڵەت.. دین و سیاسەت.. بانگەواز و سیاسەت.. دین و حیزب.. کۆمەڵەی دینی و حیزبی سیاسی.. ئایین و دەسەڵات.. ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی تەقلیدی و سەلەفی)).

ئەم دووانەیی و دوالیزمانە، نزیکەی سەدەیەکە نوخبەی ئیسلامی و عەلمانی و دەسەڵاتەکانی پێوە سەرقاڵ بووە، بە جۆرێك خەریکە دەگاتە قۆناغی کۆتایی لە هەندێك کۆمەڵگە و قۆناغی پێش کۆتایی لە هەندێك جێگا و کۆمەڵگەی دیکە...

ئەمڕۆ و لەم ساتەوەختەی ئێمەی تێدا دەژین و پاش زیاتر لە سەد ساڵ و خەباتی بەردەوام و بێ وچانی سەدان بیرمەند و هەزارەها زانا و مەلا و بانگخواز و ملیۆنان ئەندام و لایەنگری کۆمەڵە و پارتی ئیسلامخواز و زانستپەروەر و، هەزاران گرتن و کوشتن و زیندان و پەتی سێدارە و شەهیدکردنو دەرکردن و لادانی سیاسی و نانبڕین و مافخواردن و بێنازکردن و دوورخستنەوە لە شانۆ و کایەی ژیان و سیاسەت و دەسەڵات، ئەمڕۆ قسە و نووسین و توێژینەوە و بابەتی فیکریی و سیاسی و هەڵوێستەکان لەسەر ئەوەن، ئەو دوالیزمە و دووانەییانە چۆن ڕێکخرێنەوە و کۆتاییان پێبهێنرێت؟ چیتر مسوڵمانان و ئیسلامییەکان سەرقاڵ نەبن بە یەکتر و بە جەدەلی نەزۆك و بێ سوودەوە..

هەندێکجار ژانی نوێبوونەوە و خۆنوێکردنەوە زۆر قورس و سەختترە لە ژانی بوون و درووستبوون، بۆ نموونە ئیسلام خۆی وەك ئاین و شەریعەت و

دەسەڵاتیش لە ماوەی ٣٤ ساڵدا یەکەم ئایەت دێتەخوار و قۆناغی مەککە بە ١٣ ساڵ تەواو دەکات و پاشان قۆناغی مەدینە تێدەپەڕێنێت و سەردەمی خلیفەی یەکەم تەواو دەکات و سوپای ئیسلام دەگاتە چیاکانی زاگرۆس و لە سەردەمی خەلیفەی دووەمدا بەتەواوی کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دەکەن و دەگەنە ئەودیو سنوورەکانی ئەو ئیمپراتۆرەش لە ساڵی ٢٣ی کۆچی بەرامبەر بە ٦٤٤ ی زاینی، هەروەها بەکەمتر لە هەمان مێژوو و کات لە ساڵی (١٢ـ ١٩ک/ ٦٣٣ـ٦٤٠ز) توانییان کۆتایی بهێنن بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە (ئەردەن و فەلەستین و ئیسرائیل و سوریا و لوبنان و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی ئێستا دەگرێتەوە).

بەڵام وا سەدەیەکمان تەواوکرد و ئێمە هەر لە جەدەلی دوالیزمەکان چەقمان بەستووە و هێشتا زۆربەی نوخبەی فیکریی و سیاسیی و دینی بەرچاوی ڕوون نییە چۆن لەم تەنگژە و قەیرانە چەقبەستووانە دەرچێت و بکەوێتەوە سەرپێی و بیرکردنەوە و کارکردنی بەرهەمدار لەسەر هەردوو ئاستی بانگەوازێکی بەرهەمدار بۆ ئایین و پەروەردە و پێگەیاندن و ئاستی ئیدارەی ژیانی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و حوکمڕانی ڕاشید و تەندروست کە هەردووکیان بۆ ئەم سەردەمە گونجاوبن و وەڵامی پرسیارەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی سەردەمیان پێ بێت.

قەیران و تەنگژەی فیکری و بانگخوازی ئەم ئوممەتە بە قووڵی و ڕیشەداری لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە دەسەڵات و خەلافەتی عوسمانی درێژە دەدات بە شەڕەکانی لەگەڵ ئەورووپا و ڕۆژئاوادا و زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ دەخایەنێت و دواجار ئەورووپا بە ڕابەرایەتی بەریتانیا دوای سەدەیەك لە پشکنین و

لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەگەنە شۆڕشی پیشەسازی و سەرەتا خەڵوزی بەردین و بوخار وەك سەرچاوەی وزە بەکاردەهێنن و لە سەدەی بیستەمیشدا کارەبا و نەوت و غاز دەبنە سەرچاوەی وزە و شۆڕشەکە دنیای ئەوروپا و ڕۆژئاوا دەگرێتەوە و لەهەمانکاتدا دنیای ئیسلام سەرقاڵی قەیرانە ناوخۆییەکانە، هەندێکیان لەگەڵ خودی دەوڵەتی عوسمانی و هەندێکیشیان لەگەڵ داگیرکەر و ئیستیعمارە ئەوروپییەکان.

لێرەوە پرسیارە گەورەکان سەرهەڵدەدەن، چونکە لەلایەك کۆتایی بە دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئاینی ئەوروپا هاتووە و لە لایەکی ترەوە شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی ئابووریی و لە لایەکی ترەوە باسی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی و میکانیزمەکانی سەریانهەڵداوە و بازاڕیان لە ئەوروپا گەرمە، جیهانەکەی ئێمەش خنکاو و بێدەرەتانە لەناو کۆمەڵێك قەیران و تەنگژەی سیاسی و ئابووریی ناوخۆیی و پەلامار و تەماعی دەرەکیدا، ئوممەتێکی ماندو و شەکەت ٥٠ ساڵە کێشەی لەگەڵ ئاستانە و پایەختی خەلافەت هەیە، هێشتا بێ چارەسەر و وەڵام ماوەتەوە و دەستەوسان و دەستەپاچەیە، کەچی وا جەنگی جیهانی یەکەم دەستیپێکرد و دەوڵەتی عوسمانیش لەگەڵ ئەڵمانیا کەوتە بەرەیەکەوە و دۆڕاندی و زۆر بە پەلە میراتییەکەی بەش دەکەن و جەستە ماندوو و شەکەتەکەی پارچەپارچە دەکەن و یاسا و ڕێسای خۆیانی بۆ دەهێنن یان بە زۆر دەیچەسپێنن یان بە ڕێگا و سستمی پەروەردە و فێرکردن ژێرخانی فیکریی و معریفی دەگۆڕن..

هەموو ئەو هەنگاوانە ڕوویاندا و ئوممەت و کۆمەڵێك وڵاتی بێ ئەزموون و بێ سەروبەر لە ڕووی فیکریی و سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ

گەلەکانیان دەستەویەخەی ژیان و واقیع بوونەوە، هێشتا سەرەتای ئارامی و سەقامگیری دەستی پێنەکردبوو، سەرەتای جەنگی سارد لە لایەك و کێشەی فەلەستین لە لایەکی ترەوە دەستیپێکرد و هەربەو شەکەتی و ماندوویيە جارێکی تر گەلانی ئوممەت دابەشبوونەوە بە سەر دوو جەمسەری هێزی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، دابەشبوونێکی چوار ڕەهەندی، ڕەهەندی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی بوون بە دوو بەشەوە، بەشێك ئینتیمای بۆ ڕۆژهەڵات بوو (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) و بەشەکەی دیکەی ئینتیمای بۆ ڕۆژئاوا بوو، لە هەمانکاتدا تەوژم و بزووتنەوە و حیزبە سیاسیی و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکانیش بوون بە دوو بەرەوە، بەرەیەکی ئیسلامی و بەرەیەکی عەلمانی، ئیسلامی و عەلمانییەکەش لەناو خۆیاندا بوون بە دوو بەشەوە و هەریەکەیان کاریگەری جەمسەرێکی ناوخۆیی و جیهانی لە سەربوو، سەرئەنجام ئەم جەمسەرگیریی و دابەشبوونانە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر قووڵبوونەوەی تەنگژە و قەیرانی فیکریی بە گشتی و فیکری سیاسی و ئاینی بەتایبەتی.

بەشێك لە جەنگی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکاش بریتی بوو لە توندکردنەوەی ئەو جەمسەرگیرییەی کە لەم وڵاتانەی ئێمەدا پەیڕەومان دەکرد.

تەوژمی ئیسلامی کە سەرەتا بە شێخ و زانا و کەسایەتییە ئیسلامییەکان دەستیان پێکرد و بانگەشەیان بۆ گێڕانەوەی خەلافەت و سیادەی ئوممەت دەکرد، پاش ماوەیەك کە دەسەڵاتی مۆدێرنە و حکومەتە سەربەخۆکان جێگیر بوون، ئیتر شیعار و سیاسەت و بانگەشەکان گۆڕان بۆ دۆخێکی نوێ لەسەر

ئاستی هەر دەوڵەت و نیشتیمانێك، لە دەرەنجامی پاشاگەردانی و سیاسەتکردنی سەقەت و دابڕان لە نێوان خەڵك و دەسەڵات و دابەشبوون بەسەر جەمسەرەکاندا و سەرهەڵدانی کوشتوبڕ و زیندان پڕکردن لە زیندانی سیاسی و پێشێلکردنی کەرامەت و مافی مرۆڤ، هەموو ئەو سیاسەتانە گەیشتە ڕادەیەك کە خەڵك بە گشتی و ڕۆشنبیران و زانایانی ئاینی و شەرعزان بە سیاسەتکردنیان دەگووت (نیفاق و درۆ و فریودان و چاوبەست و میکافیلیەت، تا وای لێهات سیاسی لێزان بە کەسێك دەگوترا کە باش بزانێت فێڵ لە بەرامبەرەکانی بکات و خەڵك فریو بدات و گاڵتە بە خواست و داواکارییەکانیان بکات و بە وەعد و پەیمانی درۆ بیانخەڵەتێنێت).

دنیا زۆر خراپ گۆڕا و تێکچوو، سیاسەت قێزەونکرا، بانگەوازیش بۆ ئیسلام و سەروەریی و سەربەخۆیی بوو بە فەرزی (عەین) و ئەو فەرزی عەینەش بێ کەرەستە و میکانیزمەکانی سیاسەت ئاسان نەدەکرا، بۆیە دواجار ئیسلامخوازان و بانگخوازان بوون بە دوو بەشەوە و دوو تێڕوانینی جیاواز و زۆر دوور لە یەك و ئەمەش دوور نەبوو لە دەست و کاریگەریی جەمسەرگیری ناوخۆیی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ناوخۆیی و ناوچەیی.

تێڕوانینی یەکەم کە چەندین گروپی جیاوازی لێکەوتەوە وتیان و تا ئێستاش دەڵێن: سیاسەت قەبرستانی بانگەواز و زانستە شەرعییەکانە، بۆ دەبێت تەنها گرنگی بە زانستە شەرعییەکان بدرێت، چونکە ئەو کۆمەڵە و فلان جەماعەتە کە سیاسەتیان کردووە و بانگەوازیان تێکەڵی سیاسەت کردووە چییان کرد و چییان دەستکەوت؟ بەڵکو لەوەش زیاتر سەیرکەن بزانن گەیشتوونەتە چ حاڵەت و ئاستێك لە پەیڕەو نەکردنی ئاین و شەرع و دەستبەرداربوون لە نەگۆڕەکان،

تێڕوانینی دووەمیش کە کار و بانگەواز بە شێوازی ڕێکخراو و ڕێکخراوەیی و هەندێك جاریش لە سەر شێوازی کاری حیزبی و سیاسی کاریان کردووە و چەندەها گرووپ و ناوی جیاوازیان هەیە دەڵێن: ئەوانەی دوورن لە کاری سیاسەت و کاری ڕێکخراو دەیان ساڵە کەناریان گرتووە و نزا و پاڕانەوە دەکەن بۆ (ولي أمر) و دەسەڵاتە فەرمانڕەواکان، با ئایین و شەرع و یاساکانیشیان گۆڕی بێت و هەر کارو ڕەفتارێکی نەشیاویشیان کردبێت، گرنگ ئەوەیە ئەو فەرمانڕەوایانە کوفری خۆیان ڕانەگەیاندووە، ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایە بەتەواوی لە شەرعیش لایدابێت لای ئەوان هەر وەلی ئەمرە، ئەگەر هەموو گەلیش هەستێت و شۆڕش بکات و ناڕازی بێت ئەوان بە خەڵك دەڵێن ئەوە دەرچوونە لە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و بەردەوام دەبن لەگەڵ فەرمانڕەوادا تا دەکەوێت و هەرکات فەرمانڕەوای نوێ هات دەست دەخەنە نێو دەستییەوە).

ئەم وێنەیە لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە و بەرجەستە بووە و ڕیشەی داکوتاوە و خەڵکی بەسەردا دابەشبووە.

جەدەل و لە یەکتر حاڵی نەبوون و گرێ کوێرەی جوان و باش مامەڵەکردنی ئەم دوو پرسە گرنگە هێشتا هەرماوە و چارەسەر نەبووە، بەڵام سەرەتای یەکلابوونەوە و چارەسەر سەریهەڵداوە و دەستپێکردووە، بۆیە پێویستە لە سەر مشورخۆرانی ئەم پرسە بە دڵسۆزی و جورئەت و لەسەر بنەمای زانستی بێنە پێشەوە و هەنگاوی کرداری بنێن.

ئەمڕۆ و پاش ١٠٠ ساڵ ئەزموونی جۆراوجۆر بەشێك لە زانایان و بیرمەندان و بانگخوازان و پسپۆڕانی سیاسەت و بانگخوازی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت (جیاکردنەوەی پیشەیی هەبێت لە نێوان بانگەواز و سیاسەتکردندا).

# چەند سەرەقەڵەمێك لەبری پێشەكی:

**یەکەم:** پەیوەندی نێوان بانگەواز (دعوه) و کاری حیزبی یاخود سیاسی، بابەتێکی گەرمی ئەم قۆناغەی نێو ناوەندە ئیسلامیو ئەکادیمیەکەی ناوچەکە و لە هەندێ رووشەوە، دەرەوەی ئەویشە. ئەم پرسەش بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوونی سادە و نازانستی و سۆزدارانەوە، پرسێکی دروستکراو و وروژێنراو نییە لە لایەن هەندێ کەسەوە، مەسەلەکە کاریگەربوونی ئەم و ئەویش نییە بە تەوژمە فیکرییەکان، بەڵکو پەیوەستە بە بارودۆخە بابەتییەکان و گۆڕاوەکانی واقیعەوە، بەشێکە لە دەرکەوتە و بەرکەوتەکانی ئەم قۆناغەی تەوژمی ئیسلامی و تەحەداکانی.

تاڕادەیەکیش دیاردەیەکی نا ناوچەیی و جیهانی ئیسلامییە، ئەم مشتومڕە لە سەر ئاستی جیهانی ئیسلامیدا بە ئاست و شێوازی جۆراوجۆر لە ئارادایە. بەشێ لەم دیاردەیەش پەیوەستە بە جیهانی ئیسلامییەوە بە پلەی جیاواز، کە بە قۆناغێکی ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا دەڕوات. شێوازە کۆنەکانی بیرکردنەوە و کار و خۆڕێکخستنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بە لەرزە کەوتوون بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن، بێئەوەی جێگرەوە تازەکانی ئەم قۆناغە ڕاگوزەرییە (لەدایکبوونێکی نوێ) یاخود (پەرەسەندنێکی نوێ) بەخۆوە دەبینێت، کە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە لە ڕابردوو جیاواز بێت و هێزەکان دووبارە ناچاری خۆڕێکخستنەوە دەکات و کۆمەڵێ فۆرمی سەرکردایەتی و رەمز و شێوازی ئیشکردن و چوارچێوەی حەرەکی تێدەپەڕێنێت و زەمینە بۆ واقیعێکی نوێی

جیاواز خۆش دەکات، کە لە ئێستادا سیماکانی لە دەرکەوتندان، هەر هێزێکی ئیسلامیش، یاخود تەوژمی ئیسلامیش لە هەروڵاتێکدا توانای وەڵامدانەوەی ئەم تەحەدا و مەیدانخوازیانەی نەبێت، لە سروشت و ئەرکەکانی قۆناغەکە لەسەر فیکر و کۆمەڵگە تێنەگات، خۆی لەگەڵیاندا نەگونجێنێت تووشی ناکۆکی و لێکترازان و کێشمەکێشی ناوخۆیی دەبێت.

**دووهەم:** ئاشکرایە کە تەوژمی ئیسلامی بەگشتی لەم قۆناغە مێژووییەدا ڕووبەڕووی چەندین تەحەدیاتی فیکریی و سیاسی بۆتەوە، لەو سۆنگەیەشەوە پێویستی بە خۆنوێکردنەوە و گۆڕانکاری و داهێنانی میکانیزم و ئامرازی نوێ هەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، نکۆڵی لەو ڕاستیەش ناکرێت کە جەدەلیەتی دەعوە و سیاسەت لەکاری ئیسلامیدا، گرنگترینی ئەو تەحەدیاتەیە کە مشتومڕێکی زۆری لەبارەوە دەکرێت، چۆنێتی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەم بوارەدا و بە دامەزراوەیی کردنی دەعوە و جیاکردنەوەی لە کاری سیاسی و ململانێی حیزبایەتی، بووەتە ئیشکالیەتێکی سەرەکی بزافە ئیسلامیە سیاسییەکان، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر مەعلوم بووە کە ئەم مۆدێلە تەقلیدییەی کاری ئیسلامی و حیزبایەتی کە هەردوو ڕەهەندی دەعەوی و سیاسی پێکەوە تێکەڵکردووە، مۆدێلێکی بەسەرچووە و پێویستی بە نوێکردنەوە و گۆڕانکارییە.

**سێهەم:** ناونیشانێك زۆر باسی لێوە دەکرێت کە بریتییە لە جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی بانگەواز و سیاسەت لە یەکتری، کە پوختەی ئەم هەوڵە بریتییە لە جوداکردنەوەی ئەم دوو چەمکە لە ڕووەکانی کرداریی و ڕێکخستن و پسپۆرییەوە نەك لەسەر بنەمای زانستی و یاخود بیروباوەڕەوە، چونکە هەرگیز مسوڵمان نابێت باوەڕی وابێت کە ئایینی ئیسلام پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە،

بەڵکو دەبێت باوەڕی بەوە هەبێت کە کەسانێك هەیە یەکلابوونەتەوە بۆ چەند پرسێکی سیاسی وەك: (بەشداریی هەڵبژاردنەکان، سەرکردایەتی کۆمەڵە ئیسلامییەکان، چوونە ناو ململانێی سیاسی... هتد)، کەسانێکیش هەن تەرخانن، یاخود ئەسپی خۆیان تاو دەدەن لە بواری بانگەواز و خزمەتکردن لەم کایەیەدا.

**چوارەم:** پێش سەد ساڵ شتیك نەبووە بە ناوی حیزبی ئیسلامی لە جیهاندا، چونکە ئیمپراتۆریەتێك حوکمی زۆرینەی جیهانی دەکرد بە ناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

لە زۆرێك لە جیهانی ئیسلامیدا تا ئێستاش شتێك نییە بە ناوی حیزبی ئیسلامی بۆ نموونە سعودیە، قەتەر، عومان، تورکیا، مالیزیا و بەحرەین و کاری بانگەواز و پەروەردەش نەوەستاوە و بگرە لە هەندێك لەو وڵاتانە زۆر بەهێزتر و بەرفراوانترە، چونکە کاری بانگەواز و پەروەردە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕێکخراوی مەدەنیدایە.

لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی لە پاش کودەتای حیزبی بەعسی ساڵی ١٩٦٨ تا کۆتایی ساڵی حەفتاکان بە ئاشکرا شتیك نەبووە بە ناوی حیزبی ئیسلامی، بەڵام ڕەوتی بانگەواز و پەروەردە و زانستی ئیسلامی نەوەستاوە و بەردەوام کاری لەسەر کراوە بەپێی بۆ لوان و گونجاوی بارودۆخەکان.

- لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا و ڕووسیا، قەوارەیەك نییە بە ناوی حیزبی ئیسلامییەوە، بەڵام ڕەوتی بانگەواز و کاروباری پەروەردە و خزمەتکردن بە ئیسلام بە شێوازە جیاجیاکان بەردەوامە و کاریگەریشی دروستکردووە.

کەواتە ئەم بابەتە بریتییە لە میکانیزمی خزمەت بە ئیسلام و شێوە و شێوازی ئەو خزمەتە، هەروەها پەیوەستە بە بارودۆخ و بۆلوان و گونجاوی هەڵگرانی ڕەوتی ئیسلامی.

ـ کارکردن بە هەرشێوە و شێوازێك بۆ خزمەتکردن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام مافی هەموو تاك و گرووپ و دەستەیەکە و کەسیش بۆی نییە ئەو مافە زەوت بکات جا بە ناوی ئاینەوە قسە بکات، یان بەناوی پێگەی مێژوویی، یان پلە و ناونیشانی زانستییەوە بێت، دەرەنجامیش پیشانی دەدات کام ڕێباز و ڕێچکە سودمەندە بۆ کاروباری ئیسلامی و بۆ کۆمەڵگا، گرنگ کارکردن و جوڵە و بەردەوامییە.

**پێنجەم:** لە کۆتایی حەفتاکان و ناوەڕاستی هەشتاکاندا چەند حیزبێکی ئیسلامی لە باشووری کوردستان پێکهاتن و هاتنە مەیدانی خزمەتکردن، لەکاتێکدا ئەوە مانای وانییە هەموو هەڵگرانی بیری ئیسلامی لە کوردستان لەوکاتەدا هاتبنە نێو ئەو ڕێکخستن و حیزبانە، بەڵکو گرووپ و بەشێك لەو خەڵکە باوەڕەی وابووە کە کارکردن لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخستنێکی سیاسیدا ئەرك و پێویستی ئەو قۆناغەیە، ئەمەش پەیوەست بوو بە بارودۆخی سیاسیی و ئاستی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری ئەو قۆناغە، بۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە شێوە و شێوازی کاری ئیسلامی بکرێتە بەشێك لە ئاین و عەقیدە و پێوەرسازی پێوە بکرێت، چونکە نە لە کوردستان و نە لە جیهانی ئیسلامیدا و نە ئێستا و نە لە ڕابردوو هەموو مسوڵمانان ئەو بڕوایەیان نییە و هەریەکە بەشێوە و شیوازی جیاواز کار دەکەن.

# بەشی یەکەم

# پێناسە و ئەرکی سیاسەت و بانگەواز

هەموو شتێك بۆ ناسین و ئەرك و ماهیەتەكەی لە پێناسەكەیەوە دەستپێدەكات، بۆیە ئێمەش لە پێناسەوە دەست پێدەكەین: ابن منظور لە (موسوعة لسان العرب)دا دەڵێت: (والسياسة تدبير شؤون الدولة، فالساسة هم قادة الأمم و مدبروها شؤونها العامة)، واتە سیاسەتكردن بریتییە لە ڕێكخستنی كاروباری دەوڵەت، سیاسییەكانیش ئەوانەن سەركردەی گەلانن و كاروباری خەڵك ڕێكدەخەن و دەیبەن بەڕێوە.

ابن القيم دەڵێت: (السياسة ما كان من الأفعال، بحيث يكون الناس أقرب الي الصلاح وأبعد عن الفساد، وان لم يشرعه الرسول صلى الله عليه وسلم ولا نزل به الوحي)، واتە: سیاسەتكردن كار و پیشەیە، ئەرك و ئامانجی ئەوەیە خەڵك نزیك بێت لە چاكە و بەرژەوەندییەكانی و دوور بێت لە خراپە و گەندەڵی، ئەم ئەرك و ئامانجەش بەچی دەكرێت؟ و چۆن دەكرێت مەرج نییە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) كردبێتی یان فەرمووبێتی و مەرجیش نییە لە وەحیدا هاتبێت.

**كەواتە:**

**سیاسەت:** بریتییە لە هونەری ڕێكخستن و بەڕێوەبردنی كاروباری گشتی بە شێوەیەك بەرژەوەندییە گشتی و باڵاكان تەحقیق بكات لە پێداویستییە جۆراوجۆرەكانی تاك، كە لە ئاسایشی جەستەییەوە و لە دابینكردنی خۆراك و سەلامەتی لاشەوە دەستپێدەكات، هەڵدەكشێت بەرەو خواست و پێداویستییەكانی ئاسایشی كۆمەڵگە لە ڕێكخستنی پەیوەندییەكان و ڕۆڵە كۆمەڵایەتییەكان و بەرجەستەكردنی دادگەری، تا دەگاتە ئاسایشی شوناس و بەهاكانی وەڵامدەرەوەی پرسیارە وجودییەكان و ئینتما.

**بانگەواز:** بریتییە لە گەیاندن و بیرخستنەوە و قەناعەت پێکردن بە پرنسیپ و پێداویستییەکانی ئایینی ئیسلام، لە عەقیدە و شەریعەت و قیەم و بەها باڵاکان، ئەحکامە عیبادەتی و مامەڵەییەکانی... هتد، ئەوەش بە مەبەستی گۆڕانکارییەك لە بەها و ڕەفتارە باوەکان و گۆڕینەوەیان بەو بەها و ڕەفتار و... کە ئیسلام هێناویەتی، کەواتە بانگەواز کارکردنە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو خەلەل و کەموکوڕیانەی لە فیترەت و سروشتی مرۆڤەکان و بونیادی فیکرییان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی تاك و کۆمەڵگەکان دروست بووە، ئەوەش گرەوی لەسەر دەکات لاوازی بونیادی واقیعە بەو ئیعتیبارەی لادانە لە ڕاستە شەقام و ئیستیقامەت، ﴿وَادْعُ إِلَي رَبِّكَ إِنَّكَ لَعَلَى هُدًى مُّسْتَقِيمٍ﴾ (الحج: ٦٧).

**بانگخواز:** بە سرووشت کەسێکە هەڵگری خەمی هیدایەتدانی خەڵکە، خەمی لاڕێبوون و گومڕابوونی خەڵکیەتی، بە هەموو شێوەیەك بیر لە ڕاستکردنەوەی چەمك و بەهاکان دەکاتەوە، خەڵك بانگێشت دەکات بۆ بەرزڕاگرتنی بەها بڕوایی و ئاکارییەکان.

**بەڵام سیاسەتوان:** ئەو کەسەیە کە سەرقاڵی دەسەڵاتی سیاسییە، یا دەسەڵاتی بەدەستە یان ململانێی دەسەڵات دەکات.

کاری بانگخواز پەروەردە و بارهێنانی ڕۆحی و فیکرییە، بەڵام سیاسەتکار کاری بە ئاڕاستەکردنی دەزگاکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە هەیە.

**کاری بانگخواز:** پێشنیاری دنیایەکی پاك و بێخەوشە بۆ ئەندێشە و هزری خەڵکانی دیندار و هەوڵدانە بۆ دیندارکردنی کەسانی دوور لە دین، بەڵام کاری سیاسیی و حیزبی بریتییە لە بەڕێکردن و بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك بەبێ ڕەچاوکردنی ڕادەی پابەندبوونی ئەوان بە بەها و بایەخە ئاینییەکان.

## ئەرکی بانگەواز پێویستە چڕبکرێتەوە لەم بوارانەدا:

١ـ بەرگریکردن لە میانڕەوێتی ئیسلام وەك تاکە ئاڕاستەی ڕاست و دروست، چونکە ئاشکرایە کەتوندڕەوی ئیسلامی بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش و دەوڵەتەکەی، چووەتە قۆناغێکی دژوار و ترسناکەوە و وێنای جوانی ئیسلام و میانڕەوێتی پەیامە ئینسانییەکەی تا ڕادەیەك خستۆتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

٢ـ پێویستە گرنگی باشتر بدرێت بە لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی و بەها و ڕەوشتە بەرزەکان کە ناوەڕۆکی پەیامی پێغەمبەری ئیسلامە و پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ نەوەی نوێ و ئەم سەردەمە.

٣ـ بانگەواز لە بواری سیاسەتدا دوو ئەرکی گرنگی هەیە:

**یەکەمیان**/ بریتییە لە بەهێزکردنی هۆشیاری سیاسی جەماوەر بەوەی کە حکومەت و کاربەدەستانی دەوڵەت نوێنەر و بریکاری میللەتن و نابێ ستەمکاریی و گەندەڵیان لێ قبوڵ بکەن.

**دووەمیان**/ پەروەردەکردنی کەسایەتی سیاسی کە خاوەنی بنەما و بەها باڵاکان بن و بە چاکترین شێوە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان لەناو دەزگاکانی حکومەتدا جێبەجێ بکەن و خۆیان بە دوربگرن لە ستەم و تێوەگلان لە گەندەڵی و بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی و خراپ بەکارهێنانی پۆست و دەسەڵات، هەرئەوەش دەردی کوشندەی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

ـ ئەم پرسی بانگەواز و سیاسەتە، ئەوە نییە کە لە ئایندا باسی سیاسەت نییە و دین و ژین لە یەك جیا بکرێتەوە، بەڵکو باسی پسپۆڕیی و تایبەتمەندی و ئەرکی تایبەتە.

- سیاسی کار دەکات بۆ ڕاهاتن و خۆ گونجاندن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگە لە ڕووی بەرژەوەندییەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری گشتییەوە کە هەموو خەڵك و ڕۆژانەی خەڵك و وڵات و ئایندە دەگرێتەوە.

- بانگخواز کار دەکات بۆ ڕاهاتن و خۆگونجاندن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵگە لە ڕووی فیکری گشتی و پەروەردە کردن لەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتارجوان و ڕەوشتبەرزیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای پرنسیپ و بەها ئیسلامییەکانەوە.

- سیاسی لە گۆڕەپانی مانۆڕ و تەکتیك و ستراتیژ و هاوپەیمانێتی و ململانێ و یاری دیموکراتی و مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکان بەبردنەوە و دۆڕاندن دەکات و هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی لە ناو ڕیزەکانی و چالاکییەکانیدا کۆدەبێتەوە و جێگایان دەبێتەوە.

- بانگخواز گۆڕەپانی کاری زیاتر دڵەکانە و بواری فیکری گشتییە کار لەسەر نەگۆڕەکان و بنەماکان و پرەنسیپەکان دەکات و مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکان بە پێوەرەکانی هیدایەت و (بلاغ و تبليغ و بلاغی مبين) و خەیر و چاکە و فەرمان بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە حەرام و خراپە و بەرەو بەهەشت ڕۆیشتن دەکات و لەبری ململانێ و کێبڕکێ لەسەر خێر و چاکە و خواناسی و خواپەرستی دەکات، وەزیفە و پیشەیان خۆ پاککردنەوە و خەڵك ئاگادارکردنەوە و جوان باسکردنی ئیمان و ئیسلام و ئەخلاقە و ئەوەش پرۆسە و ئەرکێکە پەیوەندی بە کات و جێگا و بارودۆخ و شەو و ڕۆژەوە نییە و تا دوا ڕۆژی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە بەردەوامە.

# بەشی دووەم

# مێژووی پەیوەندی نێوان بانگەواز و سیاسەت لە سەردەمی ( راشیدین )ەوە تاکو رەوتی ئیسلامی نوێ

# ئەزموونی سەردەمی راشیدین

بەیەکەوە گرێدانی مەسەلەی وەعزی و دەعەوی و دینییەکان، لە چوارچێوەی رێکخستن و قەوارەیەکی رێکخراوەیی حەرەکی ئیسلامیدا، مەسەلەیەکی (ئیجتیهادی)یە و پەیوەستە بە واقیعێکی مێژوویی و ژینگە و زەمانێکی دیاریکراوەوە، واتە شتێ نییە پیرۆز بێت و لە ئاسمانەوە دابەزیبێت و مرۆڤەکان لەبەردەمیدا تەنها ملکەچیان لەسەر بێت.

بۆیە وەك مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە پرسی ئەوەی کێ دەسەڵات لە قۆناغی نوێدا بگرێتە دەست و بۆشایی کۆچی دوایی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە ڕووی سیاسییەوە پڕ بکاتەوە و چۆن بیگرێتە دەست و رەوایەتی لە کوێوە وەربگرێت، بووە بابەتی مشتومڕێکی گەرمی نێوان ئاڕاستە جیاوازەکانی نێوانیان، لەوانەش (کۆچکەران) و (پشتیوانان)ن، گەر سەیری مشتومڕەکانیان بکەین، دەبینین هەریەکەیان بەڵگەی لۆژیکی و سیاسی بۆ سەلماندنی هەڵوێستی خۆی دەهێنێتەوە، (دەق) (تحکم) بەسەر هەڵوێستەکەدا ناکات، بە حوکمی ئەوەی (دەق) واتە قورئان وێنامان لەسەر جۆرێکی دیاریکراو لە سیستمی سیاسی نادات بە دەستەوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم دیدەدا، بەردی بناغەی دەسەڵاتی (راشیدین) داڕێژرا. هەر لەوێشەوە سەرەتایەکی نوێ بۆ چۆنیەتی حوکمڕانی موسڵمانان لەنێوان خۆیاندا پێشنیار کرا، کە دیارە بەو پێچەوانەی ئەوەی لە دواتردا ئەزموونی (راشیدین) کرا بە پێوەرێکی مەرجەعی نیمچە پیرۆز و لە هەندێ کاتیشدا بە شێوەیەکی خراپ بۆ ئامانجی پێچەوانەی حوکمڕانی خەلیفە راشیدەکان.

لە بەشی یەکەمی ئەم ئەزموونەدا، واتە جێنشینی پێشەوایان (ئەبوبەکر) (عومەر)دا (ڕەزای خوایان لێ بێت) بە کاریگەری گەرمی پاشماوەی هەناسەکانی پێغەمبەرێتی و بە گەرمی و سادەیی مانەوەی پەیام، سەرقاڵی بە جیهاد و فەتح و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی جیهانی ئیسلام و سادەیی کۆمەڵگە و پێکهاتەی دەسەڵات، ئەم پرسە نەبوو بە کێشە.

**ئەوەی لەم ئەزموونەشدا لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە ئاماژەکردنە بەم خاڵانەی خوارەوە:**

١- لە ئەزموونی یەکەمی (راشیدین)دا هێشتا دەسەڵات تا کۆن نەبووبوو، هێڵەکانی نێوان سیاسەت و بانگەواز بەو جۆرەی هاتە پێشەوە دەرنەکەوتبوون، تا ڕادەیەك بەها ئەخلاقییەکان ئاراستەی سیاسەتی دەکرد. دەمارەکانی (خێڵ) و فۆرمە دواکەوتووەکانی پێشوو بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان بە سڕکراوی مابوونەوە، کەسێتییەکی بەهێزی وەکو پێشەوا (عومەری کوڕی خەتاب) جڵەوی بەدەستەوە بوو، کە نمونەی لە مێژووی ئیسلامدا کەمەو لە هەمانکاتدا کەسێتییەکی سیاسی حوکمڕانی سەرمەشقیشە لە ئاستی جیهاندا.

٢- مەسەلەی ئەزموونی راشیدین سەرەتایەکی پاك و بێ هەندێ کێشەی (فقهی) و (کەلامی) و مەزهەبی و دەرهاویشتەی خراپ بەکارهێنانی سیاسیانەی (ئاین) بوو، کە دواتر سەریان هەڵدا، کەش و هەوای زاڵ عەفەوی و کراوە و سادە بوو، خۆیان ئەزموونیان دەخوڵقاند و سودیان لە ئەزموون وەردەگرت.

٣- کۆبوونەوەی مەرجەعیەتی دینی و سیاسی لە ئەزموونی حوکمڕانی راشیدیندا، بەتایبەتیش لە ئەزموونی حوکمڕانی عومەری کوڕی خەتابدا، بە

پێچەوانەی واقیعی دوای خۆی بووە سەرچاوەی مامەڵەیەکی گەورەی مەنهەجی لەگەڵ دەقی قورئان و سوننەت و ژیاننامەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت). بە جۆرێك گەورەیی ئەم حوکمڕانە موسڵمانە تەنها لە دادپەروەریەکەیدا نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم لە عەقڵە کراوە و بوێرییە مەنهەجییەکەیدایە، لە چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ (دەق) و پەیوەندی بە ژیان و گۆڕانکارییەکانەوە، بەجۆرێك لە دیدگای ئەوەوە (ئاین) ئامڕاز بوو بۆ خۆشبەختی ئەم دنیا و ئەو دنیای مرۆڤ، واتە (ئاین) رۆڵی رێنماییکار و رێنیشاندەر دەبینێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، نەك لەقاڵبدان و رێگریکردن لە گەشەکردن و بە عەقیدەییکردنی سیاسەت و قەتیسدانی رەوتی گەشەکردنی ژیان و مێژوو لە هەندێ پێناسە و لێکدانەوەی ئاینیدا. مەنهەجی ئەم حوکمڕانە لەگەڵ دەقی قورئانیداو بە پێوەرکردنی (بەرژەوەندی) لە کاروباری حوکمڕانییەکەی و لەپاڵ چەسپاندنی (دادپەروەری) بە جۆرێك بوو، کە بناغەیەکی زۆر دروستی بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان دین و دەسەڵات لە قۆناغی خۆیدا دانا، ئەمەش پێمان دەڵێت ئەم پێکەوەبوونەی دەعوە و سیاسەتە لە چوارچێوەی ئەم ئەزموونە لە حوکمڕانیدا، پێکەوەبوونێکی ئایدۆلۆژیانە و (فقهی) نەبووە، هێندەی پێکەوەبوونێکی ئەخلاقی و بەهایی بووە. بە جۆرێك کە بواری هەردووکیان رێزی لێ گیراوە و لە مەسەلەیەکدا کە عەقیدە و عیبادەت و چەسپاوەکانی (ئاین) بووە، (ئاین) بنەڕەتو پێوەر بووە، لە شتێکیشدا کە سەر بە دنیای (أمر) و باس لە سیاسەت و پێویستیەکانی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی بووە بە کردەوە، لۆژیکی (أمر) و سیاسەت بنەڕەت بووە.

## پەیوەندی نێوان دەعوە و سیاسەت دوای قۆناغی راشیدین

گەر قسەکانمان لێرەدا درێژە پێنەدەین و کورت بکەینەوە، دەبێت لە پەیوەندی بە جۆری کارلێك و سروشتی پەیوەندی نێوان (ئاین) و (سیاسەت) لەم قۆناغەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین، لەوانەش:

١ـ (ئاین) لە ڕێی پێشەوا ئاینییەکان و هەڵگرانی پەیامی ئیسلامییەوە نوێنەرایەتی ئەخلاقی و رۆحی کراوە. بە کردەوەش بواری پیادەکردنی بەم مانایە کۆمەڵگە خۆی بووە، نەك دەسەڵات. ئەو لێکدابڕان و دورکەوتنەوەی رێبەرایەتی (ئاینی) و (سیاسی)یەی ڕووشی دا، تا ڕادەیەك لەلایەن هەردوو لاوە بە ئاستی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا.

٢ـ چەمکی (فتنە) بەرەنجامی شەڕی نێوان موسڵمانان و سەرکەوتنی (أهل البغي) بووە لەو شەڕەدا، هەروەها شکستی چەندەها راپەڕین بەڕێبەرایەتی پێشەوایانی (بانگەواز) بۆ راستکردنەوەی وەزعەکە و سەرکوتی بێبەزەییانەی دەسەڵاتدارانی رۆژ بۆ ئەو سەربەرزکردنەوانە، کاری کردە سەر دیاریکردنی رۆڵەکان و روانینە سروشتی پەیوەندی نێوان (ئاین) و (سیاسەت)، بە جۆرێك بەشێ لە زانایان رەوایەتیاندا بە دەسەڵاتێك کە لای خۆیان یان زۆربەیان ناڕەوا بوو، بە حوکمی ئەوەی لە شورای موسڵمانانەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، ئەم چەمکە وای کرد پەیوەندییەکی زۆرەملێیانەی سەپاوی نێوان (بانگەواز) و (سیاسەت) بێتە کایەوە. ئەهلی (دەعوە) کاریان بووە کەمکردنەوە لە خراپییەکانی دەسەڵات و پشت بەخۆبەستن لە ئاڕاستەی کۆمەڵگە و رازیبوون بە بینینی رۆڵی دەسەڵاتی یاسادانان، لە بواری یاسای تایبەتدا.

٣ـ لەم دۆخەدا بە هۆی بوونی مەترسی دەرەکی و نائومێدی لە گۆڕانکاری ناوەکی بە ئاقاری چاکسازی سیاسیدا، بوون و مانەوەی دەسەڵات و یەکیەتی ئوممەت و قەڵەمڕەوی دنیای ئیسلام بووە ئامانج، بەشێ لە ئەرکی (بانگەوان)یش بوو بە پاساودانی واقیعێکی نەویستراو لە سۆنگەی رێگرتن لە (فتنە) و قەبەکردنی (فقە)ی گوێڕایەڵی.

٤ـ لەم قۆناغەدا ئامادەبوونی (ئاین) وەك سەرەتا نەمایەوە، بە حوکمی دەرکەوتنی زانست و رەوتە ئاینییەکان، هەروەها لە سۆنگەی کێشە و پرسیارە نوێکانەوە. دەرکەوتنی (فقە) و (کلام) و (تصوف) لەم قۆناغەدا کاریگەری زۆریان کردە جۆری ئامادەبوونی (ئاین) لە ژیانی گشتی و کۆمەڵگەدا.

ئەوەی لەم رووەوە جێگەی لەسەر وەستانە و تا ڕادەیەکیش پەیوەستە بە بابەتی (دەعوە) و (سیاسەت) لە ئێستادا، سەرهەڵدان و دەرکەوتنی قوتابخانەکانی پاڵفتەکردنی دەروونی و ئەخلاقناسی و سۆفیگەری و عیرفانی بوو، کە تا ڕادەیەك بوونە هەڵگر و پەرەپێدەری رووە تەزکیە و ئەخلاقییەکەی ئیسلام لە کۆمەڵگەدا.

بۆیە گەر پرسیارێ لە پەیوەندی نێوان (دەعوە) و (سیاسەت) و (دەسەڵات) لەو قۆناغەدا بکرێت، دەبێت ئەم پرسیارە ئاڕاستەی سروشت و جۆری پەیوەندی ئەهلی عیرفان و تەسەوف لەگەڵ دەسەڵاتداران بکرێت، بە حوکمی ئەوەی هەر یەك لە (فقە) و (کلام) دەچنە دەرەوەی پێناسەی دەعوەوە.

گەر لێرەشدا و بە خێرایی و سادەیی لەسەر سروشتی پەیوەندی نێوان (دەعوە) و (سیاسەت) بوەستین، دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین، لەوانەش:

١- هۆکارێکی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە لە تەزکیە و پەروەردەی ئەخلاقی و بانگەواز، خراپی سیاسەت و مۆدێلی حوکمڕانی و دەرهاویشتەکانی بووە.

٢- هۆکارێك بووە بۆ خۆدابڕین لە دەسەڵاتدارو حوکمڕانەکان، بەتایبەتیش لە کاتی سەرهەڵدانیان، خۆدوورخستنەوەش لە زەرق و برقەکانی دەسەڵات و میکانیزم و ڕەنگدانەوەکانی و وازلێهێنانی بۆ دەسەڵاتداران.

٣- ئەم بانگخوازانە بە گشتی هەستێکی نەرێنیان بەرامبەر دەسەڵات و دەسەڵاتداران هەبووە و بەشێك لە ڕزگاریی و پاکی خۆیان لە خۆدوورگرتن لە دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا بینیوەتەوە.

٤- کێشەیان لەگەڵ بەشێ لە شەرعزان و (فقیە) و کەلامناسەکاندا هەبووە، ئەو بەشە لە ئاینداری و زانستی ئاینی کە لەگەڵ دەسەڵاتدا لە پەیوەندیدا بووە.

٥- بانگەواز لێرەدا هەڵگری گوتارێکی هەمەلایەنە (شمولی) ئیسلامی نییە، بەڵکو خۆی تەرخانکردووە بۆ گرنگیدان بە بواری پەروەردەی ئەخلاقی و پاڵفتە و تەزکیەی دەروونی و بەهێزکردنی هەستی خواناسی و گیانی خواپەرستی.

بە گشتی لەم فۆرمەدا (بانگەوان) لە سیاسەت دابڕاوەو جیا بۆتەوە، بەرهەمی نائومێدبوونە لە سیاسەت، هەوڵی ڕزگارکردنی باوەڕ و ئەخلاقی ئیمانداران دەدات لە سەر ئاستی کۆمەڵگەدا، پیادەکردنی (فقە)یش لەلایەن دەسەڵاتەوە وای لێ ناکات بەدگومانییەکانی بەرامبەری کەم بکاتەوە، بە جۆرێ کە دەسەڵاتداران ڕەمزی (ئەهلی دنیا) و عارفانی سۆفیش ڕەمز و نوێنەری ئەخلاقی دینی بوون، کە لە زوهد و دنیانەویستی و خوا خۆشەویستی و چاکەکاریدا خۆی دەبینێتەوە.

# مێژووی بەیەکەوە گرێدانو تێکەڵبوونی ( بانگەواز ) و ( سیاسەت ) لە مێژووی نوێی موسڵماناندا

مەسەلەی فۆرمی بەیەکەوە گرێدراوی (بانگەواز) و (سیاسەت) لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی هاوبەش و دیاریکراودا، بەو جۆرەی لە ئەزموونی (برایانی موسڵمان) و دواتر (مەودودی و کۆمەڵەی ئیسلامی) و هەندێ ئەزموونی ئیسلامی شیعەگەرایی نوێشدا دەبینرێت، بە پێچەوانەی ئەوەی وا وێنا دەکرێت ڕەنگدانەوەی خودی ئیسلام خۆی بێت، دەرهاویشتەی واقیعی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانییە، کە دوا ڕەمزی تەقلیدی یەکگرتووی بەشێ لە جیهانی ئیسلامی و قەوارەی نێودەوڵەتی موسڵمانان بوو، لەڕاستیدا مەسەلەیەکی مێژووکردە و پەیوەستە بەو کاردانەوە سۆزداری و فیکریانەی، هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتی عوسمانی لە ناو بەشێ لە موسڵماناندا خوڵقاندی، دەنا پێش ئەو قۆناغە و لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئیشکالیەت و پرسی سەرەکی فیکری ئیسلاحخوازی ئیسلامی (پێشکەوتن) و (بوژاندنەوە) بوو، چارەسەری کێشەی دواکەوتنی ژیاری و شارستانێتی موسڵمانان و جیهانی ئیسلامی بوو، واتە وەڵامدانەوە بوو بەو پرسیارەی بۆچی خۆرئاواییەکان لە ڕووی ژیاری و شارستانێتیەوە بەو جۆرە پێشکەوتن و دنیای ئیسلام ئاوا باری کەوت و لە کاروان بەجێما؟ چۆن ئەم مەودا شارستانێتیە پڕ بکرێتەوە و ئەم جیهانە لەم دواکەوتووییە ڕزگار بکرێت و بگەیەنرێتەوە بە کاروانی شارستانێتی و سەردەم؟ بێئەوەی واز لە کەسێتی مەعنەوی خۆی بێنێ، پێشیان وابوو ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە دوو شتی سەرەکییە:

١- چاکسازییکردن لە فیکر و مەعریفەی ئیسلامیدا و زاڵبوون بەسەر چەقبەستوویی و چاولێکەری و دەمارگیری مەزهەبی و بەسەر خۆداخران و لە مێژوودا ژیان.

٢- سوودوەرگرتن لە ئەزموونی شارستانی گەشەکردووی خۆرئاوا.

گەر دوای ئەم پێشەکییە، سەرنج لە سروشتی پەیوەندی نێوان (دەعوە) و (سیاسەت) لە چوارچێوەی فیکری ئیسڵاحی ئیسلامی سەدەی نۆزدەدا بدەین، دەبینین ئەم کێشەیەی بە جوانی چارەسەر کردووە، بەڵکو لە سۆنگەی خەمی پێشکەوتن و هەستانەوە شارستانێتییەکەیدا بەو جۆرە باسمانکرد، هەر لە سەرەتاوە نەیکردووە بە کێشە تا پێویستی بە چارەسەرکردن هەبێت، خواستی ئەوان دروستکردنی دەوڵەتێکی نیشتمانی نوێ و سیستمێکی دەستوری و پەرلەمانی بوو، ئەوەشیان بە رەنگدانەوەی (شورا)ی ئیسلامی و بەها دادپەروەرییەکەی ئیسلام دەزانی.

هەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری ژیانی حیزبی و سیاسی دەکرا، ئەوان کە سەرقاڵی رەوایەتی دان و (تأصیل)کردنی چەمکی هاوڵاتی ئازاد و یەکسان بوون لە فەرهەنگی واقیعی موسڵماناندا، خوازیاری ئەوەش بوون دەسەڵاتی سیاسی لە سەر بناغەی رێزگرتن لە سەر مافەکانی هاوڵاتی دابمەزرێت.

دەتوانین لەم رووەوە ئاماژە بە ئەزموونێکی مێژوویی وەکو پارتی نیشتمانی لە میسردا لە ساڵی (١٨٨١)دا بکەین، کە بیرۆکەکەی هی زانا و تێکۆشەری گەورە (جەمالەدینی ئەفغانی) بووە و لە سەرەتاشەوە خۆی رێبەرایەتی کردووە و پرۆگرامەکەشی بە پێنوسی زانا و ئیسڵاحخوازی بەناوبانگ موفتی پێشووتری میسر شێخ محمد عەبدە نووسراوە.

مرۆڤ کاتێ سەیری ئەم پرۆگرامە دەکات کە سەد ساڵ زیاتر لەمەوپێش بە پێنوسی زانایەکی ئەزهەری نوسراوە، سەری لەو داڕوخانە گەورە سوڕدەمێنێ کە لە سەدەی بیستەمدا لەمەڕ گووتاری سیاسی و دەستووری و ژیانی حیزبی دووچاری موسڵمانان و فیکر و تەوژمی ئیسلامی بوو، پرۆگرامی حیزبەکە بە جوانی و روونی مەسەلە دەعەوی و سیاسیەکانی لە یەکتر جیاکردۆتەوە و تیایدا هاتووە: ((پارتی نیشتمانی پارتێکی سیاسی نائاینییە، لە شوێنکەوتوانی بیروباوەڕ و رێچکە جیاوازەکان و جوولەکە و مەسیحیەکان و هەموو هاوڵاتیانی میسر (ئەوانەی دەیانەوێت بچنە ناوی) و بە زمانەکەی دەدوێت، پێکهاتووە، چونکە پارتەکەمان ناڕوانێتە جیاوازی عەقیدە و بیروباوەڕ، وا دەزانێ هەمووان برای یەکترن)). مافەکانیان لە سیاسەت و شەریعەتە ئاسمانییەکاندا یەکسانە، ئەمە لەلایەن شێخە گرنگ و تایبەتەکانی ئەزهەرەوە سەلمێنراوە ئەوانەی پشتی ئەم حیزبە دەگرن و بیروڕایان وایە شەریعەتی راستی موحەمەدی بوغز و ڕق رەتدەکاتەوە، بە یەکسانیش مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات.

# بەشی سێهەم

# تایبەتمەندی و جیاوازی هەریەک لە بانگەواز و سیاسەت

# گشتگیریی لە تێگەیشتندا و پسپۆڕیی لە پیادەکردندا

- هەرچەند ئیسلام خۆی گشتگیر "شمولی"ە بۆ ژیان و هەرئەوەش کرۆکی بانگەوازی ئیسلامییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ (الأنعام: ١٦٢)، بەڵام ئەم گشتگیرییە دەکرێ دابەش بکرێت بە سەر پسپۆڕی و بواری جیاجادا لە ڕێگای ڕێکخراو و دامەزراوەی پسپۆڕی جیاواز بەتایبەت بانگخوازی، چونکە گشتگیری ئایین مانای گشتگیری حیزب و ڕێکخراو ناگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە ئێستا کوردستان زیاتر پێویستی بە چاکسازی سیاسیی و ئابووریی و کارگێڕی هەیە، هەروەها بەگوێرەی یاسا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ساڵی ٢٠١٣ ئازادی تۆمارکردن و کارکردن و چالاکییان زیاتر بۆ ڕەخساوە و کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ئیسلامی ئەکتیڤ لەو بوارە کار دەکەن.

- ئایینی ئیسلام هانی هەر مسوڵمانێك دەدات کە بانگەواز بکات بۆ لای خوای گەورە بە ئەندازەی ئەوەی کە دەیزانێت، هەروەها پەیڕەوی لە پرانسیپی فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بەپێی توانا وا لە کەسایەتی مسوڵمان دەکات کە جۆرێك لە بەرپرسیارێتی بکەوێتە ئەستۆی بۆ بڵاوکردنەوەی چاکە و پاراستنی کۆمەڵگا لە لادان و تاوان.

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە لەسەرمان پێویست دەکات کە گشتگیری لە تێگەیشتندا پێویستە، بەڵام لە مامەڵە و پیادەکردندا قورس و ئەستەمە، بەڵکو پێویست دەکات لەسەرمان کە باوەڕی تەواومان بەوە هەبێت کە پرسی پسپۆڕی لە یەکێك لە بوارەکان نەك پچڕاندن پەیڕەو بکەین، کە دیارترینی ئەو پاساوانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١ـ بواری سیاسەت بوارێکی جیاوازە لە بانگەواز و سروشتی هەریەکەیان لەوی دیکەیان جودایە.

بواری سیاسەت گۆڕاوە و ناوەندی جیاوازیی و پێکهاتن و هاوپەیمانیەتی و سازان و سازشە، سیاسەت پێویستی بە موناوەراتە یاخود ئەوەی پێی دەوترێت دیپلۆماسیەت، بەڵام بواری بانگەواز بوارێکی گرنگە و گەیاندنی پەیامی حەقی خوای میهرەبانە کە ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت وەك پێشڕەوێك (قدوة) سەیر دەکرێت.

٢ـ کارێکی قورسە کە بنەما ئیمانییەکان و بەرژەوەندی و پڕۆژە کەسییەکان لێك جیابکەینەوە، تەنانەت بەڕادەیەك ئەم پرسە لێکدراوەتەوە کە ئەوانەی دژی پڕۆژەی ئیسلامین ئەم تێکەڵاوکردنە بە قۆستنەوەی ئایین بۆ بەرژەوەندی کەسی و حزبی لێکدەدەنەوە.

٣ـ کە پسپۆڕییەکان جیادەکەینەوە ئەوا ئێمە پرۆسەی بانگەوازەکە دەپارێزین لە هەڵە و ناتەواوی سیاسییەکان.

٤ـ پرۆسەکە ئارامکردنەوەی نەیارەکانی تێدایە، بەشێوەیەك کەمترین بەریەککەوتن دروست دەبێت.

٥ـ کەڵك و سودەکانی پسپۆڕیی زۆرن، لەوانە:

أ ـ کۆنەکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەستی کەسێك یاخود چەند کەسێك.

ب ـ خۆتەرخانکردن بۆ پرسێك و بوارێکی دیاریکراوو قوڵبوونەوە تیایدا.

ج ـ بەرهەمی زۆرتر دەدات بە دەستەوە.

د ـ ئەزموونەکان کۆدەکاتەوە و کەڵەکەیان دەکات.

هـ ـ بانگەواز لە پرۆسەیەکی دووبارە دەردەکات بۆ کارێکی دامەزراوەیی و ئەفراندنی تیادا دەکات.

٦ـ پیاوی هەردوو بوارەکە زۆر بە کەمی سەرکەوتوو دەبێت، بەڵکو دواتر دەبێتە کوردی لە هەردوو جەژن بوو، نە سیاسییەکی کارامە و سەرکەتوو دەبن و نە بانگخوازێکی لە دڵا شیرین دروست دەبێت.

٧ـ پاراستنی کەسێتی بانگەوازکار لەخۆ خزاندنە نێو بوارێك کە سوود بە خۆشگوزەرانی دەگەیەنێت، بەڵام زیان بەکاری بانگەواز و سیاسەتەکەش دەگات.

ـ گومانی تێدا نییە کە ئامانجی سەرەکی لە دروستبوونی بزاڤی ئیسلامی و فەلسەفەی وجود و بەردەوامبوونیشی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، بریتی بووە لە کاری بانگەواز و بانگەشە کردن بۆ ڕێگای خواناسین و زیندوکردنەوەی بەها و ڕەوشت و دروشمە ئیسلامییەکان و پەروەردەکردنی تاکی مسوڵمان و پارێزگاریکردن لە شوناسی ئیسلامی کۆمەڵگە مسوڵمانەکان. ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزە وەك لە تێڕوانینی قورئانییەوە دەردەکەوێت، پێویستی بە چوارچێوەی هاوبەش و پلان و بەرنامەی هاوئاهەنگ و دوور لە پەرتەوازەیی هەیە. هەرئەوەش جەوهەری پەیامی پێغەمبەران و ئەرکی سەرەکی بانگخوازانی ڕێگای خواناسین بووە لە سەرتاسەری مێژوودا، قورئانی پیرۆز بە (اقامة الدين) وەسفی کردووە کە دەڵێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّي بِهِ نُوحاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَي وَعِيسَي أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلاَ تَتَفَرَّقُوا فِيهِ ....﴾ (الشوري : ١٣).

لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پڕۆسەی بانگەواز و بانگەوازکردن ئەرك و وەزیفەی هەموو تاکێکی مسوڵمانە لەهەر ئاست و پێگەیەکدا بێت و دەبێ بەپێی توانا و لێزانینی خۆی بەشداری لە ئەنجامدانی ئەو ئەرك و وەزیفەیەدا بکات.

لەم قۆناغە مێژووییەدا کە سەرجەم جیهانی پێدا تێدەپەڕێت و سەردەمی تەکنۆلۆژیا و کاری دامەزراوەیی و پسپۆڕێتیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، ئەرکی سەرشانی ڕێبەرانی کاری ئیسلامی و بانگخوازانە کەپڕۆسەی بانگەواز و بانگەشەکردن بۆ ڕێگای خوا بەشێوەیەکی دروست و گونجاو لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەمدا ئەنجام بدەن. بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە پێویستە شێواز و چوارچێوە تەقلیدییەکان تێپەڕێنن و بگوازنەوە بۆ شێواز و چوارچێوەی دامەزراوەیی هاوچەرخ و تایبەتمەند بەم بوارە گرنگە.

## ئەوەی کە پەیوەستە بە پێگەی کاری سیاسی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

مەعلومی هەموو لایەکە، یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ئاینی ئیسلام ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنیەوە، ناوەڕۆك و سرووشتێکی سیاسی هەبووە و بە درێژایی مێژوو ئاوێتەی پرۆسەی حوکمڕانیکردن بووە، گەشەکردن و پێشکەوتن یان ڕاوەستان و دواکەوتنی حەرەکەتکردن بە ئیسلام لە گشت قۆناغەکانی مێژوودا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەستراوە بە چۆنێتی مومارەسەکردنی کاری سیاسی و حوکمڕانیکردن بە شێوازێکی دروست یان نادروست.

کەواتە کاری سیاسی بە مەرجەعیەتی ئیسلامی ئەرکێکی گرنگ و وەزیفەیەکی شەرعیە و پێویستە ئیسلامخوازان بەخەمیەوەبن و بە چاکترین شێوە پێی هەڵسن بە مەبەستی:

١ـ جێگیرکردنی ئەو بەها و بنەمایانەی کە ئیسلام هێناونی لە بواری حوکمڕانیکردن و دەوڵەتداریدا.

٢ـ لە پێناو گەڕاندنەوەی بەها و ڕەوشت بۆ مەیدانی سیاسەت.

٣ـ ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و زەمینەسازکردن بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەلایەتی و دامەزراندنی حوکمی ڕەشید.

٤ـ ڕێگرتن لە دیکتاتۆریەت و ئیستبدادی سیاسی.

بەجێهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوەش بەشێکن لە ئامانجە گەورەکانی ئاینی ئیسلام و شەریعەتەکەی لە بواری سیاسیدا. دیارە بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکە بۆ ئیسلامخوازان دەبێتە واجبێکی شەرعی و تەواوکاری ئامانجەکانی کاری بانگەواز.

## هۆکار و چارەسەری پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت:

چارەسەرکردنی ئەو ئیشکالیەتەی سەرەوە لە کاری ئیسلامیدا زەرورەتێکی ئەم قۆناغەیە و پێویستی بەوەیە کە لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکیەوە دیدگای ڕۆشن و میکانیزمی شیاو و هاوسەنگی لەبارەوە بخرێتە ڕوو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

**یەکەم**/ وەك لە سەرەوە ئامارژەمان پێکرد، هەرکام لە کاری دەعوە و کاری سیاسی تایبەتمەندێتی وەزیفی و ڕێسا و یاسا و کادری تایبەت بەخۆی هەیە و تێکەڵکردنیان پێکەوە لە یەك دەزگا و دامەزراوەدا لە بەرژەوەندی هیچکامیان نییە، چونکە وەزیفەی دەعوە زیاتر وەزیفەیەکی ئەخلاقی و پەروەردەییە و گوتاری تایبەت بەخۆی دەخوازێت و پێویستی بە جۆرێك لە بێلایەنی و کەش و هەوای ئارام و دوور لە ململانێ و کێشمەکێشی ساحەی سیاسی هەیە.

هاوکات کاری سیاسەت و حیزبایەتی بایەخدانە بە کاروباری گشتی، لە پێگەی موعارەزەوە یان لە پێگەی دەسەڵاتەوە بێت. بێگومان گوتار و ڕێسا و یاسا و کادری تایبەت بە خۆی دەخوازێت، ئەوەش ڕاستە کە ئیسلام وەك ئاین و سەرچاوەی بەها و بنەما و ئەخلاق پێویستە بەردەوام پاڵنەر و ئاڕاستەکەر و ئیلهامبەخشی گشت بوارەکانی ژیان بێت بە کایە سیاسییەکەشەوە.

**دووەم**/ سروشتی بانگەواز سیفەتی نەگۆڕی بەردەوامی هەیەو لە چوارچێوەی بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامدایە و ئەحکامی حەڵاڵ و حەرام و (دەبێ و نابێ) ئاڕاستەی دەکات.، بەڵام سروشتی سیاسەت سیفەتی گۆڕانی

بەردەوامی هەیە و لە چوارچێوەی مەقاصیدی ئیسلامدایە و ڕاست و هەڵە، یان (دەگونجێ و ناگونجێ) و بەرژەوەندی ئاڕاستەی دەکات.

**سێیەم/** ئامانجی بانگەواز گەیاندنی هیدایەتە بە مرۆڤەکان و ئامرازەکانی بریتین لە مزگەوت و ئامۆژگاریی و کاروچالاکی خێرخوازی، بەڵام ئامانجی سیاسەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەریی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئامرازەکانیشی بریتین لە پڕۆژەی سیاسیی و گوتار و هەڵوێست و هەڵبژاردنە گشتییەکان و موعارەزەی پەرلەمانی و بەشداربون لە حکومەت.

**چوارەم/** حیزبی سیاسی ئەدات و ئامرازی بانگەواز و پەروەردەی ئاینی نییە، چونکە مەنتقی سیاسەت بریتیە لە ململانێ و پێشپێشێن و زاڵبوون بەسەر نەیارەکاندا، بەڵام مەنتیقی دەعوە بریتییە لە پەخشکردنی خۆشەویستی و سازکردنی کەش و هەوای هێمن بۆ جێگیرکردنی بەها و ڕەوشتە جوانەکان، بۆیە کۆکردنەوەی ئەو دوو بوارە لە یەك دەزگادا و دەزگاکەش حیزبی سیاسی بێت کارێکی نەگونجاوە.

**پێنجەم/** قورئانی پیرۆز زۆر ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە گەورەیە دەکاتەوە کە پەیامی سەرەکی پێغەمبەران بە گشتی و پەیامی سەرەکی پێغەمبەری ئیسلام بەتایبەتی، پەیامی بانگەواز و گەیاندنی هیدایەت و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی تاکەکانیەتی لەسەر بیروباوەڕی یەکتاپەرستی و بەها و ڕەوشتە بەرزەکان. ئەو ڕاستییە چەند جارێك لەم ئایەتە قورئانیەدا کە بەهەمانشێوە لە چەند سورەتێکدا هاتووە بە ڕۆشنی دەردەکەوێت:

﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ (الجمعة : ٢).

﴿رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ﴾ (البقرة : ١٢٩).

گشتگیربوونی ئیسلام و هەمەلایەنە بوونی ئەرك و وەزیفەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) مانای ئەوە ناگەیەنێت كە ئەو هەموو ئەرك و بەرپرسیارێتییە لە تاكە كەسێك یان دەزگایەكدا كۆبكرێتەوە، بەڵكو دەكرێ و پێویستیشە ئەو هەموو ئەرك و بەرپرسیارێتیانە دابەش بكرێت لەسەر بنەمای پسپۆڕێتی و شارەزایی و لێهاتن.

قورئانی پیرۆز خۆی جەخت لەسەر ئەو پرسە گرنگە دەكاتەوە كە پێویستە گرووپ یان كۆمەڵی تایبەتمەند لە مسوڵمانان خۆیان یەكلابكەنەوە بۆ بوارەكانی بانگەواز و پەروەردە، وەك لەم دوو ئایەتە قورئانیانەدا دەردەكەوێت:

﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَي الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (آل عمران : ١٠٤) دیارە لەم ئایەتەدا زیاتر بانگەوازی گشتی مەبەستە.

﴿فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ (التوبة: ١٢٢) ئەم ئایەتەش لایەنی پەروەردە و پێگەیاندنی مەبەستە.

وشەی (أمة)، یان (فرقة)، یان (طائفة) کە لەم دوو ئایەتە قورئانییەدا هاتوون، ئاماژەیە بۆ گرووپ، یان کۆمەڵ، یان بە زمانی سەردەم دەستە و دامەزراوەی تایبەتمەند.

لە مێژوویی ئیسلامیدا هەردوو بواری بانگەواز و سیاسەت بە کرداری دابەش بووبوون لە نێوان کاربەدەستانی دەوڵەت (الامراء) و زانایان (العلماء)، دیارە کە مەرجەعیەتی دەوڵەت و کۆمەڵگە و هەموو لایەك بە درێژایی مێژوو ئاینی ئیسلام بووە، هیچ مشتومڕ و جەدەلێك لەوبارەوە نەبووە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە و چەندین هۆکاری تریش، ناکرێ و گونجاو نییە دەزگا و کادری بانگەواز و پەروەردەکردنی ئاینی لەگەڵ کاری حیزبایەتی و ململانێی سیاسیدا پێکەوە کۆبکرێنەوە، ئەوەی کە ئێستا هەیە حاڵەتێکی سروشتی نییە و پێویستی بە چاکسازی و گۆڕانکارییە.

# بەراوردکردنێکی دیکە لە نێوان سیاسەت و بانگەوازدا

١- سیاسەت کەمترین دەقی لەسەرە لە قورئان و سونەت = دەعوە زورترین دەقی لەسەرە.

٢- سیاسەت هونەری ئیدارەدانە و ئیجتیهادی مروڤەکانە = دەعوە کەمتر مەجالی ئیجتیهادی تێدایە .

٣- سیاسەت کارکردن و چوارچیوەی فراوانە = دەعوە چوارچێوەکەی تاڕادییەك دیاریکراوە.

٤- سیاسەت پەرژەوەندی گشتی وڵات دەپارێزێت = دەعوە گرنکی بە کاری بانگخوازی و خواناسی دەدات.

٥- سیاسەت زۆرترین هەڵکشان و داکشانی توش دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئیجتیهادی کەسەکانی پێویستە = دەعوە زۆرترین دەقی لەبەر دەستە لەکاتی هەڵکشان و داکشانەکان چارەسەری ئاسانە.

٦- سیاسەت لە سەردەم و شوێن و کاتەکاندا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت تا ئیدارەی وڵات بکات = دەعوە زۆر جیاوازی نییە.

٧- سیاسەت شێوازی گەیشتن بە ئامانجی چەندان ڕێگای فراوان و جیاوازی لەپێشە وەك ئەوەی خەلیفە بەڕێزەکان بەجیاوازی کردیان = دعوە قۆناغەکانی لە چەند هەنگاوێك تێناپەڕێ.

٨- سیاسەت پەیوەندی بە وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتی هەیە = دەعوە وابەستەی ناوخۆیە زیاتر.

٩- سیاسەت کار لە سەر سوود و قازانجی نیشتمان و وڵات دەکات = دەعوە باس لە حەڵاڵ و حەرام و موژدەدان و ترساندن دەکات.

١٠- سیاسەت بەناوی خوداو قورئان و سوننە هونەری بەڕێوەبردن ناکات = دەعوە هەمووی پێکهاتووە لە قورئان و سونە و بەڵگەی شەرعی.

# نموونەی کرداری جیاوازییەکان

١ـ جیاوازی لۆژیکی بانگەواز و سیاسەت و دەرهاویشتەکانی: ئەم پرسەش رەنگدانەوەیەکی تری تێکەڵاوبوونی کاری دەعوە و سیاسییە، دەرکەوتەکانیشی لە دوو ئاستدایە:

أ. پەروەردەی فیکری و سیاسی.

ب. کێشەی داعی و سیاسی لە نوێنەرایەتی کردندا.

بۆ نموونە ئەگەر بۆ خاڵی یەکەم گەندەڵی بە نموونە بێنینەوە، بانگەواز بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر ئەوە دەکات، موسڵمان و ئەندامی حیزبێکی ئیسلامی گەندەڵ نەبێت. چەند دەتوانێت ئەوە مەسەلەیەکی ترە، چونکە هەموو جارێك سەرکەوتوو نابێ و گەندەڵیش تەنها بە پەروەردەی دینی چارەسەر نابێت، واتە لۆژیکی پەروەردەی ئاینی و بانگەواز لە سەر گەندەڵی نەکردنو دەستپاکی کار دەکات.

لەکاتێکدا لۆژیکی سیاسی جگە لەوە پێمان دەڵێت: تەنها ئەوەندە بەس نییە گەندەل نەبین، بەڵکو دەبێت بەشێکی زیندوو جیانەکراوەی خەبات دژی گەندەڵیش بین، دەبێت بە ڕووی گەندەڵکاراندا بچینەوە و جەماوەر هۆشیار بکەینەوە و یاسای پێویست دەربکەین، دەزگا چاودێرییەکان بەهێز بکەین و دادگا بێلایەن و کارا بکەین و... هتد. هەڵبەت لە خودی ئیسلامدا ئەو بەهاو هاندانانە زۆرن کە ئیش لەسەر ئەم رووە دەکەن، بەڵام (داعی) و (لۆژیك)ی دەعوە لە توانایاندا نییە، چالاکیان بکەن و وەریبگێڕنە سەر بەرنامەی کارو بیانکەن بە هەوێنی سیاسەتێکی ئیسلاحی رۆشن و چالاك و ئاسۆڕوون.

ئەوەش بە یەکێ لەو کەموکورتیانە دادەنرێت لە ناو بەشی لە ئیسلامییەکاندا هەیە و ـ سەرەڕای بوونی هەناسە و رۆحیەتێکی بەرچاوی دژە گەندەڵی بوون ـ نەیانتوانیوە لە ڕووی پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی و سوودوەرگرتنی تەواو لە تەکنیکەکانی سیاسەتکردن خۆیان پێشبخەن، بەڵام زۆرێ لەو حیزبە پاشخان ئیسلامیانەی قۆناغی ئیسلامی سیاسیان تێپەڕاندووە، توانیویانە هەناسە ئیسلامییەکە بکەن بە هەوێنی پرۆژەیەکی چاکسازی نیشتمانی گەورە و لەو ڕێگایەشەوە چەندین خزمەت بە گەل و وڵاتەکانیان بکەن.

# بەشی چوارەم

# گرفتی تێکەڵکردنی
# بانگەواز و سیاسەت

هەوڵ دەدەین لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژە بە گرفتەكانی بەتێكەڵ مانەوەی كاری دەعوە و سیاسەت لە چوارچێوەی یەك ڕێكخراودا بكەین.

هەروەك وتمان ئەو دۆخە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین كێشمەكێش و ناكۆكی و كێشەی جۆراوجۆر، لەوانەش:

١. **جیاوازی لە نێوان چەسپاو** (ثوابت)ەكانی ڕەوتی ئیسلامی و چەسپاو و (ثوابت)ەكانی كاری سیاسی یاخود وەرچەرخان بەرەو كاری سیاسی كە قبوڵكردنی ڕیشەكانی گەمەی سیاسی و كارلێك لەگەڵیاندا دەخوازێت.

٢. **جیاوازی ئامانجەكان:** ڕوونە ئەگەر ئامانجی بانگەواز بەدەستهێنانی دڵی خەڵك و ئاینداركردنیان بێت و كاركردن بێت لە سەر ناسنامە و بوژاندنەوەی ئەخلاقی دینی و لایەنی ڕۆحی و ڕەفتار و ئاداب، ئەوا كاری سیاسی كار لە سەر بەدەستهێنانی ڕای هاوڵاتی دەكات و هەوڵی بەدەستهێنانی كورسی و دەسەڵات و (امتیاز) دەدات تا لەڕێی ئەوەوە بەرنامەیەك كە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا خستویەتییە ڕوو، جێبەجێ بكات، یاخود لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە ڕەخنە لە سیاسەتی حكومەت بگرێت، بە واتایەكی تر (دەعوە) كار لە سەر بواری (عەقیدە) و (عیبادەت) (ئەخلاق و بەهاكان دەكات)، لەكاتێكدا سیاسەت بە شێوازێكی جیاوازتر كار لەسەر بەهاكان دەكات و ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی و چارەسەركردنی كێشە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتییەكانی خەڵك و باشتركردنی ژیانی ئەم دنیایە.

واتە (دەعوە) بە پلەی یەكەم كار لە سەر ئاخیرەتی مرۆڤ دەكات گەرچی ڕەنگدانەوەی لەم دنیایەشدا هەبێت، بەڵام سیاسەت كار لەسەر ئەم دنیایەو

ژیانی ئێستا و (عاجل)ی مرۆڤەکان دەکات، گەرچی بە ناڕاستەوخۆ بۆ ژیانی دواییشیان سوودی هەبێت.

کۆکردنەوەی ئەم ئامانجانەش لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا کارێکی ئاسان نابێت، چونکە جۆرەها کێشەی لێ دەکەوێتەوە وەکو: کام ئامانجانە لە ریزبەندی پێشەوەی بایەخپێداندان بن؟

**٣. جیاوازی لە میکانیزمەکاندا:** کاری سیاسی و دەعەوی لە ڕووی میکانیزمەکانیشەوە لێکجیاوازن، ئەگەر کاری دەعەوی پشت بە وەعز و ئیرشاد و وانەی تایبەتی و گشتی و هاوشێوەکانی ببەستێ، ئەوا کاری سیاسی پشت بە هەڵوێست دیاریکردن، ڕەخنەگرتن، چارەسەر پێشکەشکردن، کاری پەرلەمانی و حکومی، ناڕەزایی و ڕێپێوان، میدیا و هاوپەیمانێتی بەرەبەندی و جوڵانەوەی جەماوەر دەبەستێت، کۆکردنەوەی ئەم دوو میکانیزمەش گەر بە ڕواڵەت ئاسایی بێت، لە قوڵاییدا ئاسان نییە. خەڵکیش بە چاوی ئاسایی سەیری ناکاتو مامەڵەی لەگەڵدا ناکات. حیزبی سیاسی لەڕێی سیاسەت و هەڵوێستەکانییەوە خەڵك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، نەك (دەعوە) و (پرسە) و هاوشێوەکانی.

**٤. جیاوازی لە سەرمەشقدا:** یەکێ لەو کێشمەکێشەی لە قۆناغی ڕاگوزەری و تێکەڵاوبوونی ئیسلامییەکان بە کاری سیاسی مەدەنی دێتە کایەوە، مەسەلەی سەرمەشق بوونە، کە لە قۆناغی پێشتردا کەمتر هەستی پێکراوە، چونکە ڕەوتەکە بە گشتی دەعەوی بووە و سەرکردەکانیشی وەك ئەمیرو داعی بە مانا دینییەکەی سەیریان کراوە بە گشتی ئەندام و ئەمیرەکان پێکەوە لە مزگەوتدا نوێژیان کردووە و چالاکییە ئاینی و ڕێکخراوەییەکانیان

ئەنجامداوە و بەیەکەوە نانیان خواردووە. وەك یەك ریشیان هێشتۆتەوە و لە شێوازی ژیانکردندا لێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا لە ئارادا بووە. لەکاتێکدا لەگەڵ پێنانە نێو قۆناغی بە سیاسی بوونەوە بە تێپەڕینی رۆژگار بەشی لەم چەمك و تێگەیشتنانە بەرەو کاڵبوونەوە دەچن، بە حوکمی ئەوەی سیاسەتکردن و بوون لە پێگەی سیاسییدا، گەر لە هەندێ رووشەوە بێت جۆرێکی تایبەت لە ژیانکردن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە مانایەکی تر بەشێ لە شێوازە ژیانە کۆنەکە، بەرهەمی قۆناغی زیندان و راوەدوونان و دووری لە دامودەزگا فەرمییەکان و تێکەڵبوون بە ژیانی سیاسی بووە، واتە هێندەی شێوە ژیانێکی سەپاو بووە، بەو ئەندازە گوزارشتێکی سروشتی و زگماکی لە ئیسلام نەبووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لە نێو رەوتێکی پاشخان دەعەوی و هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئیسلامی نوێ، هەروا بە ئاسانی قوت نادرێت و قبوڵ ناکرێت. هەر بەو جۆرەی بە واقیعی خۆمان تیایدا ژیاوین سکاڵای ئەوە دەستپێدەکات، کە سەرکردەکان سەرمەشق نەماون، لە نوێژی جەماعەت حازر نابن، وەعز ناکەن، هەندێکیان ریش ناهێڵنەوە، بەڵگەی ئایەت و فەرموودە بۆ قسەکانیان ناهێننەوە، دنیاپەرستیان پێوە دیارە ..هتد.

ئەم دۆخەش لە هەندێ کات و شوێندا سەردەکێشێ بۆ هەستکردن بەوەی سیاسییەکان دووچاری جۆرێ لە لادان هاتوون، وازیان لە (ثوابت)ەکانی جەماعەت هێناوە! رێکخستن دەکەن بە پەیژە و بەسەریدا سەردەکەون بۆ دەستکەوتنی پلە و پایەی حکومی و ماددی؟!

ئیسلامییەکان لە کوردستاندا دەردەسەری و تەنانەت لەکەداربوونیشیان لەم رووەوە تووش بوو، لە سۆنگەی جیاوازی سەرمەشق بوون لە هەردوو

بازنەی دەعوە و سیاسەتدا، سەرمەشق بوون لە بازنەی دەعەویدا جۆرێ لە دنیانەویستی و خۆدوورگرتن لەسەر پۆستو پلەو پایە و (امتیاز)ی شەخسی دەخوازێت ئامانجی بانگخواز هەروەك پێشەوا نەورەسی بۆی چووە بە پلەی یەکەم بەستنەوەی خەڵکە بە ئیمان و خودا و دواڕۆژەوە، نەك ململانێ و رقەبەری لەگەڵ دنیاخوازان. بانخوازی تێکەڵە بە میهرەبانی و نەرمی و هەق دۆستی.

بۆیە بانگخواز دەبێت سەرمەشقێکی رۆحی و ئەخلاقی بێت، خەڵکی سوودی لێ وەربگرن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لەلای پشوویەك بدەن، کاتێك شەپۆلەکانی ژیان شەکەت و بێزاریان دەکات، لەکاتێکدا سەرمەشقی لە کاری سیاسییدا جورئەت و جوان ئیدارەکردنی ململانێ و چاونەترسی و گەندەڵ نەبوون و عەقڵی ئیداری و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و گەشەپێدانی تواناکان و وڵات دەخوازێت، ململانێ لەسەر کورسی و قورسایی و دەنگ و (امتیاز) بەشێکە لە دەرهاویشتەکانی و بە لەکە دانانرێت. مادام لە گەندەڵییەوە نەگلێت و بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گروپییەکان نەخاتە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە، سیاسی بە حوکمی کارەکەی دەبێت رەچاوی کۆمەڵێ شێوازی ئیشکردن و پرۆتۆکۆڵ و رێورەسمی فەرمی بێت.

**٥. رەهاییبوونی بانگەواز و رێژەییبوونی سیاسەت:** هەندێ هێزی ئیسلامی کاتێ دەچێتە نێو کایەی سیاسییەوە، تەرحە دەعەوی و ئیسلامییەکە بە پاڵ یەکەوە پارێزگاری لێ دەکات، بێ ئاگا لەوەی کە هەر یەکێکیان داواکاری و مەرجی خۆی هەیە، چونکە لە دوو سروشتی جیاوازن. بانگەواز لەگەڵ (مطلق)دا مامەڵە دەکات، سیاسەت لەگەڵ گۆڕاوەکانی رۆژ، کە

زوو زوو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لە سیاسەتدا ڕەوتی ئیسلامی لە مەرجەعیەتێکی فیکری و بنەمای گشتی و بانگەوازەوە، دەگۆڕێت بۆ واقیع و دەوڵەت و پیادەکردن و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ مەسەلە کردەییەکانی وەکو پەرەپێدانی ئابوری و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکومەت، کە ئەوەش دووبارە پێناسەکردنەوەی (ئیسلامی) و (ئیسلامی بوون) بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**٦. کێشەی ناڕوونی و لێڵی فیکریی:** ئەم کێشەیەش بە یەکێك لە کێشەکانی ڕەوتی ئیسلامی دادەنرێت. بەیەکەوەبوونی بانگەواز و سیاسەتیش لەپاڵ یەکدا لە چوارچێوەی یەك ڕێکخراودا یەکێ لە دەرهاویشتەکانییەتی، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە هۆکارێکی گرنگی لێڵییە فیکرییەکەیەتی. ئەم حاڵەتە هەندێ جار وادەکات چەسپاو ببێتە گۆڕاوو، گۆڕاویش بە چەسپاو! هەر ئەمەش وای کردووە گۆڕانکاری لەنێو ئیسلامییەکاندا شێوەی هەڵکشان و داکشان بە خۆوە بگرێت.

**٧. کێشەی هەڵسەنگاندن:** یەکێ لەو کێشانەی تێکەڵاوی بانگەواز و سیاسەت بۆ هێزێك دروستی دەکات، مەسەلەی هەڵسەنگاندنی (أداء)ی لێپرسراوان و کاریگەری سیاسەتەکان و دروستی بڕیارەکان و ئاستی وەدیهاتنی ئامانجەکان و بەرهەمدارییە، چونکە لە سۆنگە جیاوازی ئامرازی بانگەواز و سیاسەت، پێوەری هەڵسەنگاندنیشیان جیاوازە.

لە ڕوویەکی ترەوە سروشتی تێکەڵاوبوونەکە وادەکات سیاسییەکان کە زۆرجار لە پشت پاشەکشەکانەوەن، لێپرسراوێتی لە ئەستۆ نەگرن، هەندێ جاریش لەبری ئەوەی لێکدانەوەی سیاسی و زانستی بۆ کێشە سیاسییەکان و

لەوانەش پاشەکشەو گەڕانەوە بۆ داوەکان بکەن، راڤەی ئاینیان بۆ دەکەن! وەك ئەوەی دەوترێت کە تاقیکردنەوەی خوایە، یاخود ئەوەی روویداوە سزای خوایە لەسەر ئەوەی ئیمانمان لاواز بووە، یاخود وەکو جاران نوێژەکانمان گەرموگوڕ نین و... هتد!!

یاخود دەوترێت بۆ ئێمە کورسی و دەنگ و چوونە پێشەوە زۆر گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە دەستگرتنە بە بیروباوەڕ و رێبازەوە!

٨. **کێشەی دروستکردنی بڕیار:** تێکەڵاوی بانگەواز و سیاسەت وا دەکات کە کێشەی دروستبوونی بڕیار لەنێو رەوتی ئیسلامیدا بێتە کایەوە، چونکە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکان و خۆدووبارەکردنەوەی رەوتە ئیسلامییەکە، کۆمەڵێ لە سەرکردە و کادرەکان لە ڕووی سیاسییەوە گەشە دەکەنو زۆرتر سیاسییانە بیردەکەنەوە، گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونە ئیسلامییەکانیشیاندا دێت، لەکاتێکدا بەشەکەی تر لە سۆنگەی کەم خوێندنەوە لە بواری سیاسییدا و سنورداری ئاسۆی فیکری و پاشخانی ئایدۆلۆژی، یان هەر هۆکارێکی ترەوە، گەرچی بە ڕواڵەت لە چوارچێوەی دامەزراوەی نوێی رێکخراوەیدا کاردەکات، هەر لە چوارچێوەی بنەما و پێوەرە کۆنەکاندا بیردەکاتەوە.

لەڕاستیشدا پاشخانی دەعەوی بۆ بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی کاری سیاسی، کێشەی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

بە کورتی بڕیاری سیاسی پاساو و داتا و راڤەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئاڕاستەکردنی کارێکی دەعەویش بە هەمان شێوە، تێکەڵکردنیان دەبێتە هۆی جۆرێ لە سەرلێشێواوی.

**٩. ناهاوسەنگی لە هەڵوێستی سیاسییدا:** لە سۆنگەی ناڕوونی دیدی سیاسی و ئەو ئاسۆیەی پێویستە رووەو ئەویّ بڕوات، وا دەکات هەڵوێستی سیاسی تاڕادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی ستراتیژێکی سیاسی بەرنامە بۆداڕێژراوی لە پێشەوە دیاریکراو نەبێت، هەروەها هەڵوێست و هەنگاوەکان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هەمەلایەنەدا یەکتری تەواو نەکەن و نەچنە خزمەتی یەکترەوە؟!

هەڵوێستە سیاسییەکان لە سایەی نەبوونی ستراتیژ و دیدێکی روون و دیاریکراوی سیاسی و ئاسۆکانی ئایندەدا، تاڕادەیەکی زۆر دەبنە کاردانەوە بۆ رەفتار و هەڵوێست و قسەکردنی بەرامبەر.!

ئەمەش وادەکات هەندێك جار زۆر توند و هەندیّ جاریش زیاد لە پێویست نەرم بێت، بەشیّ لەم دۆخەش پەیوەستە بە جیاوازی سروشتی هەریەك لە بانگەواز و سیاسەت و ناسیاسی بوونی پاشخانی زۆریّ لە سەرکردە حیزبییەکان. دۆخێکی لەو جۆرەش دەبێتە هۆی شێواندنی کەسێتی مەعنەوی هێزو رەوتە ئیسلامییە سیاسییەکە، چونکە هەندیّ بەوە تۆمەتباری دەکەن، کە پاشکۆی ئەم هێز و ئەو هێزە، هەندێکی تریش پێیان وایە جۆری هەڵوێستەکانی نیشانەن بۆ ناهاوسەنگی و ناڕوونی سیاسەتەکان.

**١٠. دووفاقی لە پەروەردە و پێگەیاندنی ئەندامدا:** یەکیّ لە کێشەی حیزبی پاشخان دەعەوی کە لە سۆنگەی تێکەڵاوبوونی کولتوری (جەماعەت) واتە بانگەواز و (حیزب) یاخود کاری سیاسی هاوچەرخەوە تووشی دەبێت، دووفاقییە لە پێگەیاندن و ئاراستەکردنی ئەندامدا. هەر ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی جۆرێك لە کێشەی فیکری لە نێو ریزەکانیدا، بوونی بەرنامەیەکی پەروەردەیی ئیسلامی

بۆ پەروەردەکردنی ئەندام، لەسەر هەمان ریتمی مۆدێلی جەماعەت و ئیسلامی سیاسی بە هەندێ دەستکارییەوە و درێژەدان بە پەروەردەی دینی ئەندام، کە لە بنەڕەتدا کاری بانگەوازە نەك حیزب، لەگەڵ پرۆگرامی حیزبدا، وا دەکات، کێشە و دووفاقی لەسەر ئاستی ئەندام و ئاراستەکردندا بێتە کایەوە. لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا (پرۆگرام) نابێتە چوارچێوەی یەکەم بۆ فیکر و ئاڕاستەی فیکریی ئەندامان.

ئەم دۆخەش جگە لەو دژ بەیەکییەی لە نێوان (پرۆگرام) و پەروەردە دینییەکەدا دروستی دەکات، دەبێتە هۆی جۆرێ لە یەکدابڕانی فیکری نێوان سەرکردایەتیو کادری ناوەندی و بنکەی جەماوەری حیزبیش. بە حوکمی ئەوەی بنکە حیزبییەکە بە پلەی یەکەم لەسەر بەرنامە پەروەردەییەکە پەروەردە دەکرێت نەك پرۆگرامی حیزبەکە. ئەمەش وا دەکات، سەرێکی سیاسی و جەستەیەکی دەعوە بێتە کایەوە.

**١١. ناڕازیبوونی هەمووان و لەدەستدانی بەشێ لە تواناکان:** بە تێکەڵ مانەوەی هێزێکی ئیسلامی رەنگدانەوەی بەسەر کۆی چالاکییەکانیدا دەبێت، لە سەردەمی پسپۆڕی و جیابوونەوەی کایە و چالاکییەکانیش لای بەرامبەرەکان، نەك ناتوانێ سەرنجی دەرەوە رابکێشێ، بەڵکو توانای پارێزگارییکردن لە ناوخۆشی لاواز دەبێت.

لە فەزایەکیشدا کە ناتوانێ چاوەڕوانی کەس بە تەواوی بەدیبێنێ، بەشێ لە وزە و توانا فیکری و سیاسی و تەنانەت دەعەویەکەش ریزەکانی رێکخراوە سیاسییەکە بەجێ دەهێڵن، چونکە دوای ئارامگرتنی چەند ساڵێك نائومێد دەبن لەوەی ببێتەوە بەو چوارچێوەی ئەوان ئاواتی پێ دەخوازن و بە گونجاوی دەزانن بۆ وەگەڕخستنی تواناکانیان، دەعەوییەکان نائومێد دەبن

لەوەی رەوتەکە بچێتەوە سەر رێچکە مێژووییە رەسەنەکەی خۆی و لەو لادانە رزگاری ببێت کە بە بڕوای ئەوان کاری سیاسی و سیاسەتمەدارەکان بۆیان دروستکردووە، نوێخوازەکانیش نائومێد دەبن لەوەی توانای گۆڕانکاری راستەقینەی هەبێت و بانگەواز و سیاسەت لە یەکدی جیا بکاتەوە و قۆناغێکی نوێی پڕ ئومێد لە کار و تێکۆشانی خۆی دەست پێبکات.

**١٢. مەرجی ئەندامێتی و کێشەی نێوان مەرجەکانی بانگەواز و پێداویستییەکانی کاری سیاسی جەماوەری:** مەرجەکانی ئەندامێتی لەو حیزبانەدا کە هێشتا کاری دەعەوی و سیاسی تیایاندا بەپاڵ یەکەوە ماون، بەپێچەوانەی پەیڕەوە ناوخۆکانیانەوە، تێکەڵن بە مەرجی ئاینی، واتە مەرجی دین بنوسرێت یاخود نەنوسرێت، بە مانایەکی تر بۆ ئەوەی موسڵمانێك لەناو رێکخراوێکی سیاسی ئیسلامیدا جێگای ببێتەوە، کە هێشتا فۆرمی ئیسلامی سیاسی تێنەپەڕاندووە، دەبێت لە ئیسلامی میللییەوە بگوازرێتەوە بۆ ئیسلامی سیاسی، واتە ئیسلامی وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی قبوڵ کردبێت، لە کۆمەڵێ رووشەوە پابەندی تەواوی بە ئەرکە ئاینییەکانەوە هەبێت، لەوانەش جلوبەرگ و دروشمەکان و... دەبێت بە رێکخراوی خەڵکانێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە، واتە هەر لەڕێگاوە هەموو ئەو ئافرەتانەی باڵاپۆش نین (با نوێژخوێن و داوێنپاکیش بن)، هەروەها هەموو ئەوانەی ئەرکە ئاینییەکان یان هەندێکیان جێبەجێ ناکەن، بۆیان نییە ئەندام بن، ئەوانیش زۆر کەم نەبێت، ئەم جۆرە رێکخراوانە بە نوێنەری سیاسی خۆیان نازانن و متمانەو دەنگیان پێ نابەخشن، چونکە جگە لەوەی ناتوانن لە ناویاندا تێبکۆشن و هەست دەکەن لەسەر بناغەی هەندێ پرسی تایبەت بە بواری ژیانی تاکە کەسی پرسیاریان لەسەر دادەنێت، دەشترسێ لەوەی کە ئەگەر

بگەنە دەسەڵات ئەو مۆدێلەی ئێستا لە چوارچێوەی حیزبدا پەیڕەوی دەکرێت، سبەی لە پێگەی دەسەڵاتەوە بەسەر کۆمەڵگەیدا بسەپێنن.

ـ بە ئاوڕدانەوەیەك لە دۆخی ئێستا چاك دەردەکەوێت، کە ئەم تێکەڵییە زیانی لە قازانجی پتر بووە بۆ بازنەی دەعوە و مەیدانی سیاسەتیش، لەوەدا دەعوە زیاتر وەك کەرەستەی پەڕینەوەی لێهاتووە بۆ پلە و پۆستی سیاسی، ئەم کارەش عەلمانییەکان بەر لە ئیسلامییەکان پەنایان بۆ بردووە، لە هەموو هەڵبژاردنێکدا کۆمەڵێك مێزەری سپی و مشتێك دەنگی دەعوە و بانگەواز دەخەنە مەیدانی ململانێکان و دەنگیان پێ خڕ دەکەنەوە، دواجاریش کە دەرچوو حەز بکەن یان نا، دەعوەکەیان دەبێتە قوربانی، هیچ نەبێت تەنها لە بازنەیەکی بچووکی سیاسی دەخولێتەوە، لەولاوەش کەلێنێکی سیاسی دروست دەبێت، چونکە لەوانەیە کەسی زۆر شارەزا لەبەر کەم ناسراوی چانسی دەرچوونی نەبێت، یان بە دەنگی ئەویدی دەردەچێت، بەمەش خەڵکی پسپۆڕ کەم دەبنەوە.

سیاسەت لە ڕۆژگاری ئێستادا جیاوازە لەو سیاسەتەی لە ئیسلامەوە قسەی لێ دەکرێت، ئەگەر سیاسەت لە فیکری ئیسلامی بریتی بێت لە حوکمڕانییەکی دادگەرانە و ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی خەڵك، لە دنیای ئەمڕۆدا بریتییە لە ڕۆحی زاڵبوون و بردنەوە، بریتییە لە شکاندنی ئەویدی، هەرچەندە چاك بێت جوانییەکانی نابینێت، ئەسڵەن دەبێ ڕاگەیاندنەکە هەوڵ بدات چۆن جوانیەکانی بەرامبەریش ناشیرین بکات، ئەمەش لەگەڵ پەیامی بانگەواز نایەتەوە، کە قەت ئامانجی شکاندن نییە، بەڵکو بەیداغی ئەو هیدایەتە و تەواو.

ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئەوەشی سەلماندووە کاتێك بانگخواز دەکەوێتە ژێرباری سیاسەت، ئەوە یەکسەر پەیامی مزگەوتەکەشی لە ڕەوتێکی تایبەتییەوە بچووك دەکاتەوە، بەمەش بەر لە هەموو شتێك مەودای بانگەوازەکەی بەرتەسك دەکاتەوە و مزگەوتەکەشی مۆرکێکی تایبەتی وەردەگرێت و دەرفەتی سوودگەیاندن ناداتە هەموو کەس، ئەوە لەکاتێکدا ئەو بانگخوازە ئەگەر نەچێتە ناو دنیای تەسکی سیاسەت دەکرێت پڕۆژەی مەزنتری هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی دزێوکردنی دینداری مسوڵمانان.

هەندێکجار حزبێك دەکەوێتە دۆخێکی سیاسی تایبەتییەوە، لەناو دنیای هاوپەیمانی یاری دەکات، بابای بانگخواز ناچارە بچێتە ئەو بارەوە، لەوەشدا تووشی حاڵەتی ناهاوسەنگ دەبێت، بۆ نموونە بانگخواز ناچار دەبێت بەرگری لە هاوپەیمانەکەی بکات هەرچەندە نا دادگەریش بێت، هەروا دژی ئەوی تر بوەستێتەوە یان هیچ نەبێت بێدەنگ بێت هەرچەند هەقیش بێت، هەرچەندە ئێمە خەیاڵی و میسالی بیرکەینەوە، بەڵام ململانێ سیاسییەکانی ساڵانی ڕابردووی کوردستان ئەم هەقیقەتەی سەلماند.

ئەگەر تەماشای خودی کاری بانگخوازیش بکەین، دەبینین بەهۆی زیاد قوڵبوونەوەی لە حیزبایەتی، بانگخوازەکە لە دەعوەکەی بێبەش دەبێت، بگرە ساناتر جۆرەها تۆمەتی بۆ دروست دەکرێت، یان تەفسیرات و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ قسەکانی دەکرێت.

# بەشی پێنجەم

# بۆچوونی هەندێك لە زانایان و ئەزمونی وڵاتان

# بۆچوونی بەشێك لە بیرمەند و نووسەرەکان

ڕاوبۆچوونی هەندێك بیرمەند و سەرکردە و بانگخواز و خوێندەواری بە توانا لەم بابەت و بوارەدا دەخەینە ڕوو:

**- ئەکادیمی و مامۆستای ئەخلاقی سیاسی و بەراوردی ئاینەکان لە زانکۆی قەتەر د. محمد مختار الشنقیطي** دەڵێت: (منطق الدعوة هو الاكتساب، ومنطق السياسة هو المغالبة، فغاية الدعوة كسب الخصم، وغاية السياسة غلبة الخصم، وجمع بين المنطقين يضر كلاً منهما..) قسەکەی ڕوون و لۆژیکییە، دەڵێت: لۆژیك و مەبەستی بانگەواز دەستخستن و دڵڕاگرتن و ڕاکێشانی خەڵکە بەرەو پەیامەکەت، بەڵام لۆژیك و مەبەستی سیاسەت لەگەڵ بەرامبەر، یان نەیار، یان دوژمن یان ڕکابەر بریتییە لە لێدان و خستن و پەکخستن و لێبردنەوە... کۆکردنەوەی ئەو دوو لۆژیکە زەرەر لە هەردووکیان دەدات).

ئەگەر بە وردی و چاو و عەقڵی بەخۆداچوونەوە سەیری ئەو قسانەی شەنقیطی بکەین دەبینین لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئێمەی ئیسلامی بە لۆژیکی بانگەواز سیاسەتمان کردووە لەگەڵ بەرامبەرەکانمان، بۆیە هەمیشە وەك موسلیح نەك وەك ئیسلاحی و ڕکابەر دەرکەوتووین.

**- د. فهمی هویدی، بیرمەند و ڕۆشنبیری وڵاتی میسر** دەڵێت: (بات لغرض على المعنيين التمييز بين الانشطة الدعوية والسياسية ومختلف المناحي الحياتية الاخري)، هەروەها دەڵێت: (ان العمل السياسي بطبيعته يخوض غمار صراعات باهضة التكاليف، فلماذا يغرض على الدعوي تحمل السياسي وتداعيات ممارساته ومواقفه ؟).

مەبەستەکەی ڕوونە دەڵێت: پێویستە لە سەر کاربەدەست و مشورخۆرانی ئەم کار و ئەرکە، کە چالاکی بانگەواز و سیاسەت و بوارەکانی دیکەی ژیانیش لە یەکتر جیاکەنەوە و پاساوەکەشی ئەوەیە کە کارو چالاکی سیاسی بە سروشتی خۆی دەچێتە نێو قوڵایی ململانێکان و باجی گەورە دەدات، باشە بۆچی فەرز بکرێت لەسەر بانگخواز و بانگەواز هەمان باج بدات و باجی بەردەوامی هەڵوێست و بەرنامەی سیاسەت و سیاسییەکان بدات؟

- **مامۆستا أحمد الجعلي، سەرکردە و نووسەر و توێژەر لە کۆمەڵەی برایانی میسری،** دەڵێت: پاش ئەوەی بابەتی جیاکردنەوەی کاری بانگەواز لە سیاسەت و کاری سیاسی زۆر گەرم بوو لەنێو خودی کۆمەڵەی برایاندا منیش ئەم بابەتەم نووسی، بابەتەکەی لە ژێر ناونیشانی (الدعوي والسیاسي... الاشکالیة والحل) کە لە ٢٠١٧/٤/١٢ بڵاوکراوەتەوە، بە ڕوونی توێژینەوە قسە لەسەر ئەوە دەکات کە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بداتەوە، کە خۆی نووسیویەتی (التمییز بین الدعوي و السیاسي... ضرورة أم انحراف؟) بابەتەکەی لە کۆتاییدا بەپێی ئەو وردەکارییەی دەیکات دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە (جیاکردنەوەی کار و چالاکی لەسەر بنەمای پسپۆڕییە)، چونکە سیاسەت گۆڕەپان و میکانیزم و تەکتیك و هاوپەیمانێتی و ئیجتهادات و یاریکردن و مناوەراتی زۆری تێدەکەوێت کە لە گۆڕەپانی بانگەوازدا ئەو شتانە نابێ و ناکرێت و نابێت بکرێت، جگە لەوەش سیاسەت دەبێت حیزب و ڕێکخراوی بۆ دروست بکەیت و دەبێت دەرگاش کراوە بێت بۆ خەڵکی (قیبطي)یش کە ئاینیان جیاوازە لە ئیسلام...

بابەتەکەی مامۆستا أحمد الجعلي لە چوار بەش پێکدێت:

١. پێناسەی بانگەواز و سیاسەت لە پرۆژەی ئیسلامیدا.

٢. ناوچەکانی تێکەڵبوون و لە یەك نزیکبوونی بانگەواز و سیاسەت.

٣. بانگەواز و سیاسەت و بانگەشەکانی وازهێنان یان جیاکردنەوە واتە (ئەوانەی خاوەنی پرۆژەی ئیسلامیین واز لە کاری سیاسی بهێنن) یان (کاری سیاسی لە کاری بانگەواز جیا بکەنەوە) پاساوی هەردووکیانی نووسیوە و حەوت پاساو و بەڵگەی بۆ کاری سیاسی سەربەخۆ هێناوەتەوە..

٤. حاڵەتی میسر بەتایبەت و گەڕان بەدوای چارەسەردا.

لە کۆتاییدا پێنج مەرج وەك سیماکانی کاری پسپۆڕی سیاسی دادەنێت و بە قسە و بەڵگە و توێژینەوەکەیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە جیاکردنەوەی هەردووکیان لەسەر بنەمای پسپۆڕی بەڵگە نەویستە و ڕوو دەدات و دێتە کایەوە.

**ـ د. عبدالکریم البکار، زانای شەرعزان و بیرمەند و مامۆستای زانکۆ** دەڵێت: (الخلط بین الممارستین یجعل کلاً منهما عبداً علی الأخری، ومن النادر أن یکون للشخص الواحد فتوحات روحیة و سیاسیة في آن واحد).

مەبەستی لەوەیە کە تێکەڵکردنی کاری بانگەواز و سیاسەت و کۆکردنەوەی لە کەسێك و لە کارێك و ڕێکخراوێکدا وادەکات کە هەردووکیان بار و قورسایی دەبن بەسەر یەکترەوە و زۆر کەمیش ڕێکدەکەوێت کەسێك لە یەك کاتدا بانگخوازێکی باش و سیاسییەکی سەرکەوتوو بێت.

شایەنی باسە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ دا لە ئەستەنبوڵ ئەم بابەتەمان شەن و کەو کرد، پێکەوە و بەهەموو قەناعەتێکەوە گووتی: جیاکردنەوەکە

نابێت تەکتیکی بێت و نابێت یەك مەرجەعی سەرکردایەتییان هەبێت، هەروەها نابێت لەسەرەوە جیای کەنەوە و لە ژێرەوە گرێدرا بن، چونکە هەموو ئەوانە ئەزموونکران لە سودان و ئەردەن و جێگای دیکەش و سەرکەوتوو نەبوون، چونکە دواجار سەرکردایەتی لایەکیان زاڵ و دەستڕۆشتوو دەبێت و ڕیسەکە دەبێتەوە بە خوری، بەڵکو دەبێت بانگەواز بگەڕێتەوە دۆخە ساف و بێگەردەکەی و سیاسییەکانیش دەستکراوە بن بۆ گەمەی سیاسی.

- **بیرمەند و نووسەری گەورەی وڵاتی مەغریب مرحوم فريد الانصاری**، پاش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کتێبێکی نووسیوە لەسەر ئەم بابەتە و دەیەوێت چارەسەری هەڵایسانی سیاسی بکات، بە ناوی (البيان الدعوي وظاهرة التضخم السياسي) و دەیەوێت چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ گێڕانەوەی ڕۆحی بانگەواز و گۆڕەپانەکەی گەرموگوڕ کاتەوە و هاوسەنگییەك دروست ببێتەوە لە نێوان کاری بانگەواز و سیاسەتدا.

- **نووسەری مەغریبی كمال ناجی القطوي دەڵێت:** (ان السياسة التمييز بين الدعوي والسياسي ستدفع بالطاقات الاسلامية و الدعوية الي خطوط الانتاج الخلفية، التي تبني المجتمع علي أسس الأخلاق و قيم الدين، ومعاني الإيمان، وحينها نكون قد أنجزنا الجزء الأكبر من المهمة الاصلاحية، ويأتي دور السياسي الموهوب المتفرغ، المليء بالقيم، الراسخ في الوعي لأناوش المشاريع الأخري مستنداً الي أرضية صالحة، وشعب يغلب الموازين الوطنية، والمصالح الحقيقية علي موازين المصلحة الآنية الضيقة).

ئەم نووسەرە هەوڵیداوە لە بابەتێکی شیکاریدا بگاتە دەرەنجامێکی ڕوون و قسە و هەڵوێست و فتوای زانایانی کۆن و نوێی کۆکردووەتەوە،

گەیشتووەتە ئەم دەرئەنجامەی کە دەڵێت: (سیاسەتی جیاکردنەوەی کاری بانگەواز و سیاسەت وا دەکات کە وزە و توانا ئیسلامی و بانگخوازییەکان بگەڕێنەوە بۆ هێڵە بەرهەمهێنەکانی پشتەوە کە کار لەسەر بونیادنانەوەی کۆمەڵگە دەکەن لەسەر بنەمای ڕەوشت و بەهاکانی ئاینداریی و مانا جوانەکانی ئیمان، ئەو کاتە بەشە گرنگەکەی کار تەواو دەبێت و سەرەی سیاسییە لێزان و بەتوانا و پەروەردەکراوەکان دێت..).

- **مروان المعشر:** بابەتێکی شیکاری نووسیوە لەسەر دوا هەڵوێست و بڕیاری بزووتنەوەی ڕاپەڕینی تونسی بە ناونیشانی (فصل الدعوي عن السياسي ضرورة وطنية) واتە جیاکردنەوەی کاری بانگەواز لە کاری سیاسی پێداویستییەکی نیشتیمانییە...

پێش ئەوەی بڕواتە ناو بابەتە شیکارییەکەیەوە دەڵێت: (ينبغي فصل النشاط الدعوي عن السياسي من أجل بناء دولة المواطنة الحاضنة للتنوع والمساواة)، وا باشە کار و چالاکی بانگەواز لە سیاسی جیاکرێتەوە لە پێناو بنیادنانی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون کە دەتوانێت ژینگە و باوەش بێت بۆ فرەڕەنگی و یەکسانی).

ئەم قسە و بۆچوونە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەتی مەدەنی دەوڵەتی هاووڵاتییە و نابێتە دەوڵەت و دەسەڵاتی هیچ ئایدۆلۆژیایەك، بانگەواز و ئاینیش کاتێك دەبنە موڵکی کۆمەڵگا گەشە دەکات و سوودی بۆ خۆیان و بۆ هەمووان و بۆ نیشتیمانیشە.

مروان المعشر لە درێژەی شیکارەکەیدا کە پشتگیری لە شێخ ڕاشید ئەلغەنوشی دەکات، دەڵێت: (ان النشاط الدعوي لا يستوي مع العمل السياسي،

لأن مرجعيتي الناشطين مختلفان تماماً، ولأن المواطن العادي بات ينظر الي قدرة الحزب – أي حزب – على تلبية حاجاته اليومية، ورفع مستوى معيشته، فيما المشورة الدينية يستطيع الحصول عليها هذا المواطن من أماكن أخري لا دخل للسياسة بها...

هذا ليس خروجا عن الدين بالطبع، حسب ما يريد بعض المتشددين أن يصوروا لنا قرار ((النهضة)) والشيخ راشد الغنوشي، وانما اعتراف بالتخصص، ففي حين يمكن لمن يريد العمل في السياسة أن يعتمد المباديء الدينية كأطار فكري قيمي، تبقي للعمل السياسي قواعد دنيوية لا يمكن حشر الدين فيها، اذا طالما أن ليس هناك دولة دينية في الاسلام وطالما أن ليس هناك اكراه في الدين فان من الطبيعي والمنطقي أن تترك النشاطات الدعوية لفضاء يختلف تماماً عن الفضاء السياسي الذي يخضع لتوافقات بين مكونات المجتمع الآخرين كافة..).

شیکار و بۆچوون و پارێزەریکردنی لە بزووتنەوەی ڕاپەڕین و شێخ ڕاشید بە شێوازی خاڵبەندی دەخەینە ڕوو:

- ئەم هەنگاو و بڕیارەی بزووتنەوەی نەهزە و ڕاشید غەنوشی لە ئاین دەرچوون نییە، وەك هەندێك توندڕەو وێنای دەکەن، بەڵکو باسی پسپۆڕی و تایبەتمەندی هەردوو لایەنی جیای بانگەواز و سیاسەتە.

- ئەوەی کە دەیەوێت کاری سیاسیش بکات دەتوانێت پشت ببەستێت بە پرەنسیپی ئاینی وەك چوارچێوەی فیکری و بەهاکان، بەڵام کاری سیاسی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای دنیایی تایبەت بە خۆی هەیە و ناکرێت ئاینی تێوە بگلێنی.

ـ مادەم دەوڵەتی ئاینی لە ئیسلامدا نییە، ئیتر سروشتی و مەنتیقییە کە بانگەواز لە فەزای ئازادی خۆیدا کار بکات، کە زۆر جیاوازە لە فەزای کاری سیاسەت و ڕۆژانەی سیاسەت کە ملکەچە بۆ ڕێکەوتن و ڕێکخستنی کاروبار و پەیوەندییەکان لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە...

**ـ شێخ ڕاشید ئەلغەنوشی، زانا و بیرمەند و سەرکردەی دێرینی ڕەوتی بانگەوازی ئیسلامی لەسەر قوتابخانەی (ئیخوان موسلیمین) و دامەزرێنەری حیزبی نەهزەی تونسی** سەر بە ڕەوت و ڕێبازی ئیسلامی سیاسی و خاوەنی یەکەم کتێب و یەکەم تێز لەسەر (الحريات العامة في الاسلام) کە لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا نووسیی و بڵاویکردەوە، فیکرێکی سیاسی نوێی هێنایە کایەوە، ئەم شێخ و سەرکردەیە پاش ٥٠ ساڵ لە هەموو مەیدانە دەعەویی و سیاسییەکانی کار و چالاکی و بەرخۆدانەکانی ناو تونس و چالاکی سیاسی و فیکریی و ڕۆشنبیری لە دەرەوە بەتایبەت لە بەریتانیا و فەرەنسا، بواری فیکری سیاسی و ئیسلامناسی زیاتر گەشەی کرد و هەردوو فیقهی بانگەواز و فیقهی واقیعی بەتەواوی لا ڕوون بوویەوە و تێگەیشت کە تەنها چارەسەر بریتییە لە کارکردن بە پسپۆڕی و تایبەتمەندی و جیاوازی نێوان بانگەواز و ئەرك و ڕۆڵ و گۆڕەپانی بە جیا و حیزب و سیاسەت و دەوڵەتداری بە جیا و دواجار هەردووکیان لە پێگەی سەربەخۆی خۆیانەوە خزمەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگە بکەن و ڕۆڵی بەرچاو و سەربەخۆیان هەبێت لە گەشە و ئارامی و جێگیریی وڵاتدا...

دەقی لێدوانی شێخ ڕاشید ئەلغەنوشی بۆ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی لە ٢٠١٦/٥/٢٣ دا دەڵێت: (نحن نؤكد أن النهضة حزب سياسي، ديمقراطي ومدني

له مرجعية قيم حضارية مسلمة وحداثية. نحن نتجه نحو حزب يختص فقط بالأنشطة السياسية.. سنخرج من الاسلام السياسي لندخل في الديمقراطية المسلمة. نحن مسلمون ديمقراطيون ولا نعرف أنفسنا بأننا من الاسلام السياسي... نريد أن يكون النشاط الديني مستقلاً تماماً عن النشاط السياسي. وأن هذا أمر جيد للسياسيين لأنهم لن يكون مستقلاً متهمين بتوظيف الدين لغايات سياسية. وجيد أيضاً للدين حتي لا يكون رهين السياسة وموظفاً قبل السياسيين).

ئەم لێدوانە زۆر ڕۆشن و ڕاشکاوە و تائێستا لە وڵاتی عەرەبیدا هیچ سەرکردە و حیزبێك نە بەوجۆرە گوزارشتی کردووە و نەتوانیویەتی بیکاتە پەیام و پرۆژەی حیزب و بزووتنەوەکەی، قسەکانی ئەگەر پۆلێن بکەین و وەك یەك پاکێج بیخوێنینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیبینین:

- دووپاتی دەکەینەوە کە (نهضة) حیزبێکی سیاسی دیموکراتی مەدەنییە و مەرجەعیەتەکەی بریتییە لە بەها ژیارییە مسوڵمان و مۆدێرنەکان.

- هەنگاو هەڵدەگرین بەرەو حیزبێك کە تەنها چالاکی سیاسی بکات.

- لە ئیسلامی سیاسی دەردەچین بۆ ئەوەی بڕۆینە ناو دیموکراتییەکی مسوڵمانەوە.

- ئێمە مسوڵمانێکی دیموکراتین و خۆمان بە ئیسلامی سیاسی ناناسێنین.

- دەمانەوێت چالاکی ئاینی بەتەواوی سەربەخۆ بێت لە چالاکی سیاسی و ئەوەش بە قازانجی هەردوو لا تەواو دەبێت.

ئەم هەنگاوەی حیزبی نەهزەی تونسی و شیخ ڕاشید و د. عبدالفتاح مۆرۆ و هاوکارەکانیان، دنیای کاری ئیسلامی و بانگەواز و سەرکردەکان و ڕەوتە ئیسلامییە میانڕەوەکانی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێك پشتگیر و هاوکار و بەشێکیش پەسەندی ناکەن و دەڵێن ئەوە جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرهەموویان سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەن و سەرەنجام بەشێوەیەکی ڕێژەیی و نزیك و دوور هەر بەلای ئەم بۆچوونە تازەدا دەشکێتەوە، چونکە پێشتر برایانی ئەردەن حیزبی (جبهة العمل الاسلامي)یان دروستکرد، بەڵام خاڵی لاوازی ئەوە بوو کە لە ژێر چاودێری مەرجەعیەتی ئیخوان و بانگەوازدا بوو بۆیە شکستی هێنا، هەروەها لە میسر و سودان و چەند جێگایەکی دیکەش هەمان چارەنووسی هەبوو، بۆیە دەبێت مەرجەعیەتی سەربەخۆ بێت.

# ئەزموونی وڵاتان

سەرەتا دەبێت ئەوە وەبیر بێنینەوە کە کێشەی نێوان بانگەواز و سیاسەت، وەك دەرهاویشتەیەکی بەشداری سیاسی ئیسلامییە پاشخان دەعەوییەکان، لە بنەڕەتدا کێشەی برایان (اخوان) و کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان و نموونەی حوکمڕانی ئیسلامی شیعەکانە. کە لە ڕووی مێژووییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری فیکری (اخوان) و (مەودودی)دا بوون.

واتە کێشەی هەموو دنیای ئیسلام نییە، گەرچی کێشەی نموونە زاڵەکەیەتی، بەڵام نموونەی وەك تورکیا و مالیزیامان هەیە، کە لە دەرەوەی ئەو مۆدێلەو بە حوکمی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵگە و وڵاتەکانیانەوە، ڕێچکەیەکی جیاوازی گەشەکردنیان بە خۆوە بینیوە، بیروڕا مەشرەب ئیسلامییەکانی دکتۆر مەهاتیر موحەممەد بنیاتنەری مالیزیای نوێ و باوکی ڕاستەقینەی گەشەکردنەکەی، لای هەموو ئەوانە ڕوونە کە بەدواداچوونیان بۆ گەشەکردنەکانی فیکری ئیسلامی نوێو واقیعی وڵاتانی ئیسلامی هەیە بیروڕا هاوچەرخ و ئەزموونی ڕۆحە کراوەکەی ئەم ڕێبەرە و هاوڕێکانی توانی لە کۆمەڵگەیەکی فرە ئاینییدا جگە لەوەی گەشەکردنی زانستی و پێشکەوتنی ڕاستەقینەی تەکنۆلۆژی و خواستی خۆشگوزەرانی بۆ مالیزییەکان بێنێتە دی، هەروەها لە بنیاتنانی ئەزموونێکی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی و سیاسیشدا تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بێت.

بزاڤی مەشرەب ئیسلامی تورکیاش سەرەڕای کاریگەربوونی لە هەندێ ڕووەوە بە ئەدەبیاتی ئیسلامی نوێ، تاڕادەیەك لە دەرەوەی ئەو کێشەوە سەری هەڵدا و گەشەی کرد، تەوژمی ئیسلامی تورکی دوای دەیان ساڵ لە

ئامادەبوونی بانگەوازێکی ناحیزبی و پەیامەکانی نوور و هەندێ لە ڕێبازگە سۆفیگەریەکان، لە کۆتایی شەستەکاندا حیزبی خۆی پێکهێنا.

لە ئەزموونی تورکیدا سەرەتا بانگەوازێکی بە مانا بانگەواز و تاڕادەیەکی بەرچاو دوور لە سیاسەت (بە مانا حیزبییەکەی) دەستی پێکرد، واتە شتێ بە ناوی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی نوێ بوونی نەبوو، ریفۆرمەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و سروشتی رژێمی کەمالی و کۆمەڵی تورکیش یارمەتیدەر نەبوون بۆ سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیایەکی لەو جۆرە، بۆیە کاتێك حیزب لە دایك دەبێت بە سروشتی لە دایك دەبێت، لە چوارچێوەی ڕەوایەتی دەوڵەتی نوێ و یاسا کارپێکراوەکان و لۆژیکی سیاسەت خۆی پێناسە دەکات و دەست بە کار و چالاکی دەکات.

بە واتایەکی تر لەم ئەزموونەدا (بانگەواز) یاخود (جەماعەت) حیزب دروست ناکات، بەڵکو بانگەواز زەمینە دەسازێنی و دوای ئەوە سیاسییە مەشرەب ئیسلامی و موحافیزکارەکان دێنە ناو کایەی سیاسەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوە ئەم بزاڤە لە ڕەوتی گەشەکردنی خۆیدا، بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیو بڵاوبوونەوەی شەپۆلێکی ئیسلامخوازی فراوان لە ناوچەکەدا، دووچاری جۆرێ لە کێشەی خۆگونجاندن و یەکلایی نەبوونەوەی فیکری و سیاسی هات، هەربۆیە لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە پارتی داد و گەشەپێدان تەنانەت ئەو فۆرمەشی جێهێشت، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان کاریگەری ئەدەبیاتی ئیسلامی نوێی بەسەرەوە بوو، بەرەو قۆناغێکی تری کاری سیاسی بێ کێشەتر و دەستکراوەتر و بەهایی ترو هاوچەرختر.

هەرچی پەیوەندی بە ئەزموونی دنیای عەرەبی و ناوچەکەوە هەیە، مەسەلەکە جیاوازترە، چونکە ئەو بزاڤە ئیسلامییەی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا، تا ڕادەیەکی زۆر کاردانەوە بوو بەرامبەر روخانی سەڵتەنەتی عوسمانی و بانگەشەی ئیسلامێکی هەمەلایەنە و ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامی سەراپاگیری لە چوارچێوەی کۆمەڵ و رێکخراوێکدا دەکرد، ئەمەش وایکرد هەر لە سەرەتاوە کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی نوێ، ناسیۆنالیزم، دیموکراسی و کاری حیزبی و سیاسی نوێ دا بۆ دروست ببێت، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، باڵادەستی فۆرمە پۆلیسی و سەرکوتکەرە عەلمانییە حوکمڕانە نادیموکراسییەکان و راوەدوونانی خوێناوی رۆڵەکانی تەوژمی ئیسلامی بۆ ماوەی دەیان ساڵ، هێندەی تر پرسی خۆنوێکردنەوەی فیکری و سیاسی ئاڵۆزتر کرد، بە حوکمی ئەوەی نادیموکراسی بوونی دەسەڵات دەرفەتێکی لەو جۆرەی زۆر کەمکردبۆوە.

هەربۆیە سەرەتای وروژاندنی پرسیاری پەیوەندی نێوان (بانگەواز) و (سیاسەت)، یاخود بە دەربڕینێکی تر (جەماعەت) و (حیزب) دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریی (اخوان) لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٨٤)ی میسر لەسەر لیستی حیزبی (وەفد)دا.

لەو سەروبەندەدا (عومەر تەلمەسانی) رێبەری گشتی برایان بیرۆکەی دامەزراندنی حیزبێکی خستە بەردەم (مەکتەبی ئیرشاد)ی گروپەکەی، بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیروڕا سیاسییەکانیان بکات و لەسەر وەدەستهێنانی بەشێ لە کورسییەکانی پەرلەمانیش کێبڕکێ بکات، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی ئیرشاد دژی بیرۆکەکە وەستانەوە، بە پاساوی ئەوەی بیرۆکەیەکی لەو جۆرە

دەرچوونە لە فیکری (بەننا)ی دامەزرێنەر، کە هەڵوێستێکی نەرێنی و خراپی بەرامبەر حیزب و حیزبایەتی هەبووە.

دوای کۆچی دوایی تەلمەسانی، جارێکی تر بیرۆکەکە لەگەڵ رابەری گشتی نوێی برایان (محمد حامد نصر)دا تاوتوێ کرایەوە، بەڵام تا ساڵی (١٩٨٩) لەم رووەوە نەیانتوانی بگەنە چارەسەر و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، لەو ساڵەدا واتە (١٩٨٩) برایان بڕیاریاندا کار لەسەر دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی بکەن، بەڵام بیرۆکەکە تا ساڵی (١٩٩٥)ی ویست بۆ ئەوەی بەجوانی و تەواوەتی لایان بخەملێت، پرسیاری گرنگیش لەو نێوەندەدا ئەوە بوو کە داخۆ (اخوان) ببێتە حیزب یاخود حیزبێك دروست بکات وەك باڵی سیاسی و رووکاری سیاسی جەماعەت؟

ئەم بابەتە لەبەر رێپێنەدانی دەسەڵاتدارانی میسر بە دامەزاندنی حیزبێکی لەو جۆرە و رێگرییە یاساییەکان مایەوە، تا سەرەنجام لە ساڵی (٢٠١١)دا (اخوان) بە کردەوە حیزبی بۆ (جەماعەت) دروستکرد.

بە سەرنجدانیش لە ئەزموون و واقیعی ئیسلامییەکانی ناوچەکە دەتوانین بڵێین زیاد لە فۆرم و مۆدیلێکمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی بانگەواز و سیاسەت لەناو رەوتی ئیسلامیدا لە بەردەستدایە کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

(أ) بەیەکەوە گرێدانی هەردووکیان لە چوارچێوەی حیزبێکدا واتە (دەعوە) یاخود (جەماعەت) لە چوارچێوەی یاسای حیزبەکاندا خۆی وەك قەوارەیەکی سیاسی رادەگەیەنێت و دەخوازێت کێشەکە بەو جۆرە چارەسەر بکات بەبێ پەنابردنە بەر جیاکردنەوەیان.

**نموونەی ئەم حیزبانە:** ئیسلاحی یەمەنی و نەهزەی تونسیین، بەڵام ئەزموون سەلماندی کە ئەم مۆدێلە کێشەکە چارەسەر ناکات، بەڵکو بۆ ماوەیەك بێدەنگی دەکات، دواتر سەرهەڵدەداتەوە و دەبێتە سەرچاوەی گیروگرفت بۆ بانگەواز و سیاسەت و کۆی هێزە سیاسییەکە و تاڕادەیەك دووچاری جۆرێ لە قەیرانی ناسنامە و ڕۆڵ و پەیام و بەفیڕۆدانی تواناکان دەکات، هەربۆیە نەهزەی تونسی و ئیسلاحی یەمەنی دوای مشتومڕێکی زۆری فیکری و ڕێکخراوەیی ناوخۆیی گەیشتە بڕیاری جیاکردنەوەی لایەنە دەعەوییەکە و خۆپێناسەکردنەوەیان وەك حیزبێکی سیاسی نیشتمانی.

(ب) نموونەی مانەوەی (جەماعەت)و دامەزراندنی حیزبێکی ڕووکار (واجهە) کە ڕۆڵی باڵی سیاسی ببینێت و لەژێر هەژموونی جەماعەتدا بمێنێتەوە، نموونەی ئەم مۆدێلەش (عێراق، ئوردن، میسر)ە، لەڕاستیدا ئەم مۆدێلە بە کردەوە سەلماوە، شکستخواردووە، چونکە سەرلێشێوان و دووفاقی و ناکۆکی و زۆر شتی تری لێ دەکەوێتەوە، بە حوکمی ئەوەی سەرکردایەتی جەماعەت کە لە بنەڕەتدا، لە جەرگەی ئەزموونێکی کردەیی سیاسییدا قاڵ نەبووە و ئەندامەکانی شارەزاییەکی سیاسی پێویستیان نییە، هەژموون بەسەر کارە سیاسییەکەدا دەکەن .

ئەوەش چەندین دەرهاویشتەی نێگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە، لەوانەش:

١. نوێنەبوونەوەی قوڵی فیکری و درێژەدان بە هەمان ئەدەبیاتی ئیسلامی کۆن لە چوارچێوەی جەماعەتدا، کە دەبێتە هۆی هەڵەکردن لە (تقدیر)کردنی هەڵوێستەکان و دیاریکردنی تاکتیك و ستراتیژ و هەنگاو و ئامانجەکاندا.

٢. لاوازی ڕەوایەتی حیزبە سیاسییەکە و گومانکردن لە دروشم و هەڵوێستەکانی و تۆمەتبارکردنی بەوەی کە هەرچی لەو ڕووەوە دەیکات تاکتیکێکی کاتییە، لەو سۆنگەوە کە جەماعەتێکی لە پشتە تاکو ئێستاش نوێنەرایەتی ئامانج و ستراتیژی ڕەوتی ئیسلامی دەکات.

٣. دوای تێپەڕینی ماوەیەك و چاوکردنەوەی سەرکردەو کادرەکانی حیزب و هەستکردنیان بە جیا وازی کاری سیاسی و دەعەوی و سنوورە داخراوەکانی (جەماعەت) ناکۆکی نێوان هەردوو لایەن لەسەر ڕۆڵ و بڕیاری کۆتایی سەرهەڵدەدات، بە حوکمی ئەوەی سیاسییەکان وەك جاران بڕوایان بە عەقڵ و سەلیقەی سەرکردەکانی جەماعەت نامێنێ و خۆشیان دەبن بە ڕەمز دەناسرێن و لە ڕووی سیاسیشەوە خۆیان لەوان لەپێشتر دەزانن، ئەمە جگە لەوەی مامەڵەی (جەماعەت) لەگەڵ حیزبدا بەجۆرێ لە مشتی ناسین و کولتوری گوێڕایەڵی و توندی بەکارهێنان دەبێت، کە هەموو ئەوەی پێشەوەش دەبێتە هۆی جۆرەها لێکترازان و نائومێدبوون و دەرچوونی تواناکان و سەرقاڵ بوون بە کێشەی ناوخۆیی و لە هەندێ کات و شوێنیشدا پاشەکشەی سیاسی، عێراق نموونەیەکی زەقی ئەو دۆخەیە.

(ج) هەڵاواردن (تمیز) لە نێوان حیزب و جەماعەتدا :

دیارترین نموونەی ئەمە (کۆمەڵی تەوحیدو ئیسلاح) و (پارتی دادو گەشەپێدانی) مەغریبییە.. ئەزموونی ئیسلامییەکان لە مەغریب (لەو چوارچێوەدا) بە چەندین خەسڵەت دەناسرێتەوە، کە لەلایەن ئیسلامییە عەرەبییەکانی تری ناوچەکە جیایان دەکاتەوە، لەوانەش:

(١) ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموون و کەلەپوری جولانەوەی نیشتمانی و زانستی ولاتەکەیان.

(٢) گونجاندنی ئەدەبیات و کەلەپوری تەوژمی ئیسلامی جیهانی لەگەڵ واقیعی نیشتمانی مەغریبیدا.

(٣) خۆدابڕین و بڕوانەبوون بە چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی بەو جۆرەی لە ئەدەبیاتی رەوتی ئیسلامی جیهانییدا خراوەتە ڕوو. کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕانە و کودەتاییانەی لای زۆریَ لە رەوتە ئیسلامییەکان وەرگرتبوو.

(٤) سەرقاڵبوون بە بەرپاکردن (اقامة)ی ئاین لە کۆمەڵگەدا لەبری خۆخەریککردن بە بەرپاکردنی دەوڵەتەوە، واتە دەوڵەتی ئیسلامی.

(٥) هەر لە سەرەتاوە بە ئیسلاحی دەستپێکردن و درێژەپێدانی ستراتیژەکە و گەشەپێدانی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، ئەم ستراتیژەش وای لیَ کردن کە:

(أ) هەوڵی کارکردن لە ناو داموو دەزگاکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا بدەن.

(ب) گرتنەپێشی چاکسازیی پلە بە پلەی.

(ج) دانەبڕان لە فیکری بەرامبەرو جیهانی بەبیَ هەستکردن بە گرێی خۆ بەکەم زانین.

(٦) گواستنەوە لە رێکخستنی (جەماعەت)ەوە بۆ رێکخستنی پەیامدار (التنظيم الرسالي).

(٧) گواستنەوە لە یەکیەتی ڕێکخستنەوە (وحدة التنظیم) بۆ یەکیەتی پرۆژە، کە وادەکات ئامانجی سەرەکی بێتە گەیاندنی پەیام نەك کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنگر، بەتایبەتیش لە هەندێ قۆناغدا.

(٨) گرێبەستی حیزب لەگەڵ (جەماعەت) لەسەر کۆمەڵێ ئامانجی هاوبەشە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی خۆی.

(٩) دیاریکردنی بواری کارکردنی حیزب بە سیاسەت و کایەی گشتی و کۆمەڵگە، بەڕێوەبردنی کاروباری بانگەوازیش بە سەربەخۆ و دوور لە فشار و جەبر و پێویستییەکانی سیاسەت.

سیماکانی ئەم هەڵاواردنە (التمیز)

ئەزموونی مەغریبی و پەیوەندی نێوان بزاڤە ئیسلامییەکە و حیزبە سیاسییەکە هەڵگری ئەم سیمایانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** سەربەخۆیی تەواوەتی دامودەزگاکان، واتە حیزب و بزاڤ یاخود جەماعەت، کەسیان پاشکۆی ئەویدی نین و لەژێر هەژموونیدا کار ناکات.

حیزب چوارچێوەیەکی پاڵپشتی سیاسییە بۆ بزاڤە ئیسلامییەکە، لەسەر ئاستی پرۆژە خاوەنی کۆمەڵێ ئامانجی هاوبەشن، هەروەها چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی ئەندامانی جەماعەت کاری سیاسی تێدا بکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا بەرپرس و ڕەمز و کەسێتییەکانی (جەماعەت) بۆیان نییە لەسەر لیستی حیزب بۆ هەڵبژاردنەکان خۆیان بپاڵێون، بانگخواز و پەروەرشیار دەبێت خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ کارەکەی.

**دووەم:** بزاڤە ئیسلامییەکە (التوحيد والإصلاح) بایەخ بە کاری سیاسی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانە نادات و خۆی پێوە سەرقاڵ ناکات، بەڵکو بایەخ بە ئامانجە گشتییەکانی کاری سیاسی دەدات، لەوێنەی هاندانی خەڵك بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها هاندانی هاووڵاتیانو نوخبەی سیاسی بۆ دەستگرتن بە بەهاکانی روونی (شەفافیەت)و دەستپاکییەوە.

**سێیەم:** هاوبەشی (شراکە)ی حیزب و بزاڤە ئیسلامییەکە ڕێگا لەوە ناگرێت کە بزاڤە ئیسلامییەکە لەگەڵ بەشێ لە هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبدا ناکۆك بێت.

لە ساڵی (١٩٨٨) وەرەقەی پەیوەندی نێوان بزاڤ (حرکە) و حیزبیان دەرکرد، کە ئەو کاتە حیزبەکە ناوی (بزووتنەوەی میللی دەستوریی دیموکراسی) بوو، بەگوێرەی بەڵگەنامەکە. حیزب لە ڕووی یاسایی و کردەییەوە سەربەخۆیە، پەیوەندی نێوانیان: ڕاوێژکردن و هەماهەنگی و هاوکاریکردنە لە چوارچێوەی ئامانجە هاوبەشەکاندا.

هەڵاواردن (تمیز)ی نێوان (بزاڤ) و (حیزب) سێ ئاست دەگرێتەوە:

- گوتار.
- ڕەمزەکان.
- شێوازی کارکردن.

هەردوولایان سوورن لەسەر ئەوەی مینبەرە سیاسی و دەعەوییەکان تێکەڵ بە یەك نەبن، میکانیزمێکیشیان لەم ڕووەوە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەیان و دوورخستنەوەی بانگەواز لە فشار و پێداویستییەکانی کاری سیاسی و بەشێ

لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی، قەدەغەکردنی هەموو ئەو ئەندامانەی (جەماعەت)ە کە بە کاری وتاربێژی و وەعز و رێنومایی و بانگەواز لە مزگەوتەکاندا خەریکن، لە بوون بە ئەندام لەناو ریزەکانی پارتی (داد و گەشەپێدان) و هیچ حیزبێکی تردا، هەروەها خۆنەپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکان و خۆدوورخستنەوە لە ململانێی سیاسی رۆژانە و راستەوخۆدا، بە حوکمی ئەوەی گوتاری بانگخوازی لەسەر بناغەی رواندنی بەهاو نموونە باڵاکان وەستاوە، لەکاتێکدا گوتاری سیاسی پەیوەستە بە خەمەکانی رۆژو باس و خواسە گۆڕاوەکان، گوتاری بانگخواز هەوڵی بەدەستهێنان و کەمەندکێشکردنی دڵەکان دەدات، لەکاتێکدا گوتاری سیاسی ئامرازێکی کێبڕکێ و ململانێیە و هەوڵی سەرکەوتن و بردنەوە دەدات و هەر لەو چوارچێوەشدا دەڕوانێتە بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر، گوتاری بانگخوازی بە دەربڕینی پێشەوا نەورەسی ئامانجی رواندنی ئیمانە، مەبەستی هەرەبنەڕەتی خودی قورئانیش ئەوەیە کە بەرزترین هەستی ئینسانی لە دەروونی مرۆڤدا ببوژێنێتەوە لەمەڕ پەیوەندییەکانی ئەو، واتە مرۆڤ لەگەڵ خوا و گەردووندا.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە دەستپێکردن لە کۆتاییەکانی (حسن بەننا) و ئەزموونەکەی لەم بوارەدا دادەنرێت، کە بە رێبەر و باوکی رەوتی ئیسلامی نوێ لە قەڵەم دەدرێت، بەننا هەروەك لای دەگێڕنەوە لە کۆتاییەکانی ژیانی خۆی و لە بەرەنجامی تێکەڵکردنی بانگەوازەکەی بە ململانێ سیاسییەکان و ئەو دەرهاویشتە کارەساتبارانەی لای کەوتەوە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی بڵێ: ئەگەر ئەم ئەزموونەی ئێستام هەبووایە نەمدەهێشت (اخوان) تێکەڵ بە کاری سیاسی ببێت، چونکە لە کۆتا رۆژەکانی

تەمەنیدا هەستی بە مەترسییەکانی رۆچوون لە کاری سیاسی لە سەر پاشەڕۆی بانگەواز و تێکەڵکردنیانی کردبوو، بۆیە بە شێخ محمد غەزالی برادەری وتبوو: ئاوات دەخوازم بمتوانیایە بانگەواز بگێڕمەوە بۆ سەردەمی (مأثورات).

# ئەنجام

* گومان لەوەدا نییە کە پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت (تەحەدای)یەکی ڕاستەقینەیە ڕووی کردۆتە ئیسلامییەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا و تاڕادەیەکی باشیش بووەتە خواست و داواکاری ڕێژیەکی زۆر لە کادیر و ئەندامانی تێکڕای تەوژمە ئیسلامییەکە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە لەم بوارەدا بڕیاری بوێرانە و هەنگاوی پێویست و جددی بگرنەبەر و بیکەنە بەشێك لە ئەولەویاتی پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوانیان.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستیان بە قۆناغێکی گواستنەوە (مرحلة انتقالیة) دەبێ کە ئامادەکاری پێویستی تێدا بکەن و ئەم دوو خاڵەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن:

**یەکەم/** بەشێوەیەکی مەرکەزی لەسەر ئاستی دەستەی باڵای کاری هاوبەشی نێوان لایەنە ئیسلامییەکان، بەشێوەیەکی ڕەسمی و ڕاگەیەنراو تەبەنی پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت بکەن و بڕیاری پێویستی لەبارەوە وەربگرن و لە ماوەیەکی دیاریکراودا کەلە دوو یان سێ ساڵ زیاتر نەبێ بەرنامە ڕێژی تەواوی بۆ ئامادە بکەن.

**دووەم/** هەر لە ئێستاوە دەستبکەن بەجیاکردنەوەی دەزگا و دامەزراوە حیزبیەکانی تایبەت بە بواری بانگەواز و پەروەردە و یەکلاکردنەوەی کادیرەکانی بەرپرس و تایبەتمەندی ئەم بوارە و بە دوور ڕاگرتنیان لە ململانێ و مشتومڕی کاری سیاسی و کێشمەکێشی حیزبایەتی، وەك پێشەکیەك بۆ دەربازبون لەم ئیشکالیەتەی ئێستا ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

* لە کۆتاییدا، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە گرنگ و ئاڵۆزە و پاراستنی سەلامەتی ڕێکارەکان و یەکڕیزی تەوژمە ئیسلامیەکە، بە پێویستی دەبینم کە جەخت لەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەینەوە:

١ـ لایەنە ئیسلامییەکان پێویستە بە کردار بیسەلمێنن کە ڕەوتێکی زیندوو و گەشەکردون و توانای خۆنوێکردنەوە و داهێنانی میکانیزم و شێوازی کاری نوێ و هاوچەرخیان هەیە.

٢ـ بزاڤێکی کراوەبن لەسەر واقیع و گۆڕانکارییەکان و مامەڵەی دروست بکەن لەگەڵ ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە ئیسلام بەجێی هێشتووە بۆ گۆڕاوەکان. بەواتایەکیتر بەناوی دەستگرتن بە نەگۆڕەکانی ئیسلام و هاوسەنگی کردن لە نێوان نەگۆڕ و گۆڕاوەکان، خۆیان دووچاری دەردی کوشندەی چەقبەستن و ڕابوردوخوازی نەکەن.

٣ـ لە هەموو حاڵەتێکدا پارێزگاری لە پرۆژەی ئیسلاحخوازی خۆیان بکەن و پاراستنی شوناسی ئیسلامی و سەربەخۆیی سیاسی بە خاڵی جیاکەرەوە و سەروەری خۆیانی ئەژمار بکەن.

* کەواتە مەبەست ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسی دروست بکرێت، سەرچاوە بگرێت لە مەرجەعیەتی ئیسلام و بەهاکانی و مەبەستەکانی، چالاکییە سیاسییەکانی ئەنجامبدات و هەستێت بە ڕۆڵەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، بەپێی داخوازییەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ڕەچاوکردنی بنچینەکانی یارییەکە تیایدا، بەشێوەیەکی پیشەگەرییانە، کاروباری بانگەواز وازلێبهێنێت بۆ بانگخوازان و دەستە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی تر کە تایبەتمەندن بەم بوارە، حیزبیش دەچێتە ناو شەڕی

سیاسییەوە، بە گۆڕانکاریی و فشارەکانیەوە، ئەوانەش دەکات بە جەمسەر کە ڕازین بە بەرنامە سیاسییەکەی و ئامانجە گشتییەکانی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی فیکریی، یان ئاینی، یان مەزهەبی.

ئەمەش وا دەکات کە بانگەواز و دەزگاکانی بە دووربن لە تەحەمولکردنی لێکەوتەی شکستە سیاسییەکان و لەناوبردنەکانی، یان دەستکەوتەکان و بەدەستهاتووەکانی، حیزب بەتەنها خۆی تەحەمولی بەرپرسیارێتی هەڵوێستەکان و هاوپەیمانێتییەکانی دەکات، ئەو بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەیدات، هەروەها ئەوەشی بەدەستی دێنێت لە ڕێگای ئۆپۆزسیۆن بوون، یان بەشدارییکردنی لە حکومەتدا.

هەر لەبارەی ئەم جیاکردنەوەیەوە، دانانی هەریەکە لە سیاسەت و بانگەوازە، لە چوارچێوەی خۆیدا، لەو سیاقەدا کە شایانێتی و لەگەڵیدا ڕێکە لە بەرنامە و پەیڕەو و گووتار و ئامانجەکانیدا... ئەم جیاکارییە خزمەت بە بانگەواز و دەزگاکانی دەکات، ڕۆڵی ئاین بەهێز دەکات و ئامادەبوونیشی زیاتر قووڵ دەکاتەوە لە ناو کۆمەڵگادا، وادەکات کە بانگەواز ڕزگاری ببێت لە کۆت و بەندی سیاسەت و ڕقلێبوونی و دووری دەخاتەوە لە دژایەتیی و لەقاڵبدان و تەحجیمکردنی بۆ مەبەستی سیاسیی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، لە کۆتاییدا بانگەواز بە ئازادی دەمێنێتەوەو لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا چالاک دەبێت وەک پێویستییەک.